# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالی حەوتەم ژمارە (157) بەرواری 1-12-2023 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


" شانە حیزبییەکان و ئاکسیۆنە کرێکارییەکان"

## پێداویستییە گشتی و سیاسییەکانی ڕاکێشانی ئاژیتاتۆرە کرێکارییەکان

بەشی هەشتەم... ل10


وتەی ژمارە

# فیدرالیزم لەمت بوونەوە بۆ مۆتەکەی سەر دەسەڵاتی هەرێم!!

عەبدوڵا مەحمود

دوای متبوونێکی دوورو درێژی دوای دەستور، جارێکی تر چەمکی فیدرالیزم لەماوەیەدا هاتۆتە ئاراو قسەی لەسەر دەکرێت...

فیدرالیزم چەمکێکی دەستورییە!!، وەکو پەیوەندی هەرێم بە بەغداوە بریاری لێدراوە، ئامانج لەفیدرالیزم بەجیا لە ڕیکەوتنی باڵەکانی بۆرژوازی کورد لەگەڵ بۆرژوازی عێراقی لەسەر داهات و سامان و دەسەڵات، هاوکات ڕەچەتەی بۆرژوازی عێراقی بوو، بۆ دوورخستنەوەی پرسی سەربەخۆیی کوردستان لەهەلومەرج و هاوسەنگیەکی دیاریکراوی دوای روخانی رژێمی بەعسدا.



کاتێک رژێمی بەعس روخا، بۆرژوازی کورد زیاتر لە دەهەیەک بوو دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی کوردستانی بەدەستەوە بوو، بەکردەوە کوردستان لە عێراق جیاببووەوە ببوو بە هەرێمێکی سەربەخۆ. ئەوە لەکاتێکدا دەسەڵاتی بۆرژوازی عێراقی نا سەقامگیر و دۆخی عێراق ناجێگیر و پاشان کشا بۆ بەیەکدادانی تایفی و دینی لەنێوان باڵەکانی بۆرژوازی عێراقیدا. کاتێکیش دەستور لە ژێر سایەی دەسەڵاتی ئەمریکادا، پەسەند کرا، مۆری ئەو ناهاوسەنگیەی لە ئاستی عێراقدا بەگشتی و لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەتایبەتی پێوە دیار بوو.

هێزەکانی بۆرژوازی شیعەی سیاسی لە عێراقدا لەسەر بنەمای رێژەی دانیشتوانیان، زۆرتر بەشیان لەدەسەڵات پێبڕاو ناسیونالیزمی سونەی عیراقیش، کە کەوتبووە ژێر گوشاری شکستێکی گەورە بە روخاندنی دەسەڵاتی بەعس و دەسەڵاتی چەندین دەهەیان لەدەست دەرهێنرا، بەپێی هەمان محەکی رێژەی دانیشتوان بەشیان بۆ دیاریکراو و ناسیونالیزمی کوردیش چ بە کەڵک وەرگرتن لە دۆخی ناسەقامگیری عێراق و ململانێی باڵەکانی بۆرژوازی عێراقی" سونی و شیعی" چ بەهۆی دەسەڵاتیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا، لە دۆخێکی باشتردا بوو، بەلەبەرچاوگرتنی ئەم دۆخە، پێگەی ناسیونالیزمی کورد زۆترو بەشیشی لە ئاستی عێراقدا لە رێژەی دانیشتوانی زیاتر بوو.

بۆ لاپەڕە 2

## مامۆستایان و مامۆستایانی وانەبێژ چۆن دەتوانن داخوازییەکانیان بەدەست بهێنن؟



زیاتر لە دوو مانگە شەپۆلێکی تری بزوتنەوەی نارەزایەتی مامۆستایان و مامۆستایانی وانەبێژ، لە پێناو موچەو دابەشکردنی لەکاتی خۆی و بۆ دامەزراندن و پلە بەرزکردنەوە و چارەنووسی موچە پاشەکەوتکراوەکان دەستی پێکردۆتەوە. بایکۆت و نارەزایەتی و کۆبونەوەو خۆپیشاندانی ئەمجارەی مامۆستایان و مامۆستایانی وانەبێژ، لە درێژەی بزوتنەوەی بەردەوامیاندا بۆ

بۆ لاپەڕە 3

## ئیسلامیەکانی کوردستان لە بەرگری لە حەماس و کێشەی فەلەستیندا...



ئیسلامی سیاسی بەشێوەی گشتی بە "سونی و شیعی" ەوە" چ لە کوردستان و چ لە شوێنەکانی تری دنیا خەریکی هەڵوەراندنی فرمێسکی درۆینەن بۆ خەڵکی فەلەستین. ئەوە لە کاتێکدایە هەر ئەو ئیسلامیانە، لەبەرامبەر درندەیی و هەوسارپچراوی دەوڵە ئیسلامیەکان و حزب و ریکخراوە ئینسانکوژەکانی ئیسلامیدا، لەسەراسەری

بۆ لاپەڕە 3

## فیلمی ٨٨ فیلمی بچووکردنەوەی هەڵەبجە...ل9




## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


*ئایا عەرەبەکانی ناو ئیسرائیل هەمان مافی جووەکانیان هەیە؟..........................ل4
*سەرنجێك لەسەر پەرەسەندنی ڕاستڕەوە توندڕەوەکان لە ئەوروپا.........................ل4
*تاریق تاهیر وەڵامی پرسی رۆژی داوەتەوە..........................................................ل5
*(کۆمۆنیزمی مارکس) ئایدۆلۆژیا یا زانست!؟........................................................ل6
*جەنگی سیاسی بە پەنابەران..............................................................................ل6


## دۆسیەی ژمارە " سەبارەت بە کوشارەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم و ئایندەی سیاسی کوردستان"



هاوڕێ نەجمەدین فارس وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە...

ل11_12


پرسی ڕۆژ ل5 | پرسی ژن ل7 | کۆشەی ئەدەب و هونەر ل8_9

# درێژەی وتەی ژمارە

بۆرژوازی کورد "ناسیونالیزمی کورد" فیدرالیزمی وەکو دەستکەوتێکی گەورە تەماشا کرد، لەکاتێکدا خودی دەسەلاتی بۆرژوازی کورد، شانسی وروژاندن و بەدەستەوەگرتنی پرسی سەربەخۆیشی هەبوو، وە هاوکات پیادەی دەسەلاتی خۆی زۆر زیاتر لە فیدرالیزم دەکرد. واتە فیدرالیزم بۆ ئەو کاتەی دەسەلاتی ناسیونالیزمی کورد، کە بەوێنەی دەوڵەتێک بەلام نافەرمی و خاوەنی دەسەلاتی رەهای سیاسی و ئەمنی و ئابوری و ئیداری و پەیوەندییەکانی خۆی بوو، فیدرالیزم زۆر کەمتر لەوە بوو کە خۆی بەکردەوە، دەستی لێی گیر ببوو.

تا دوای جەنگی داعش و رووداوەکانی ١٦ ئۆکتۆبەر نە لایەن بۆرژوازی عێراقیەوە و نەلە لایەن ناسیونالیزمی کوردەوە، فیدرالیزم هیچ جێگایەکی نەبوو زۆرتر چەمکێکی پوچ و بەکردەوە خەوێنرابوو. بۆرژوازی عێراقی توانای ئەوە نەبوو مامەلەی فیدرالیزم لەگەل هەرێم بکات و دەسەلاتی فیدرالی خۆی لەگەل هەرێم بەکاربهێنێ، بۆرژوازی کوردیش درکی بە بێ توانایی ناسیونالیزمی عێراق دەکرد و ئامادەنەبوو دەسەلاتی بێ سنور و بێ کۆنترۆلی خۆی کەمتر بکاتەوەو پابەندی فیدرالیزمێک بێت کە لە عێراقدا کەس بەکردەوە نەک توانای بەرگری لێکردن و جێبەجێکردنی نەبوو، بەڵکو بەکردەوە بوونی تەنها لەسەر کاغەز بوو.

دوای ئەوەی وردە وردە بۆرژوازی عێراقی ناکۆکییە گرژ و زبرەکانی خۆی وەلانا و بەرەو پێگرتنەوە دەستی بە هەنگاونان کرد و رێکەوتنێکی رێژەیی لەنێوان باڵەکانی بۆرژوازی عێراقیدا دروست بوو تا گەیشت بە شەری سەربازی دژی داعش هاوکات پرسی دەستگرتن و پابەند بوون بە دەستوریش زیادی کرد، کۆتایی هاتنی جەنگی سەربازی داعش و رودوەکانی ١٦ ئۆکتۆبەر بووە وێستگەیەکی نوێ بۆ خۆنواندنی دەسەلاتی بۆرژوازی عێراقی تا لەلایەکەوە لە ئاستی عێراقدا هەنگاو هەلبگرێت و رووبەرووی ئالنکاریەکانی بێتەوە و لەلایەکی تریشەوە هەر لەوچوارچێوەیەدا دۆسیەو پەروەندەکانی لەگەل دەسەلاتی هەرێمدا بکاتەوەو بەدەستەوە بگرێت.

پێشتر ئەگەر دەسەلاتی ناوەندی پرسی پەیوەستبوون و جێبەجێکردنی دەستور و فیدرالیزمی لەگەل دەسەلاتی بۆرژوازی کورد هێنابایە مەیدان گوێگرێکی نەبوو، ئێستا هێنانی هەر پرسێک پەیوەست بە فیدرالیزمەوە مۆتەکەی سەر دەسەلاتی ناسیونالیزمی کوردە و دەسەلاتی سنوردارتر و بچوکتر دەکاتەوە.

پرسی داهات و فرۆشتنی نەوت و غاز و دەروازە سنورییەکان و گومرگ و دارایی بەشێوەی گشتی، پرسی سنور و بەرگری، پرسی پەیوەندییەکان و پەیوەندییە نێودەولەتییەکان... ئەمانە هەموویان بەپێی دەستور و فیدرالیزم، بەستراوەتەوە بە دەسەلاتی ناوەندییەوە. دادگای فیدرالیش وەکو بەرزترین شوێنی یەکلایی کردنەوەو بریاردان و لێپرسینەوەی یاسایی و دەستوری، لەگەل هاتنەوە ئارای فیدرالیزم، چالاک بۆتەوە کە پێشتر تا رادەیەکی زۆر ناکارا و ناوێکی نەبیستراو بی کاریگەر و بێ رۆل بوو، لە جولاندنی دۆسیەکان.

دەسەلاتی بۆرژوازی کورد، فرۆشتنی نەوت و رێکەوتن لەگەل کۆمپانیاکانی دەرهێنانی نەوت، پرسی سنورەکان و دەروازە سنورییەکان و خالە گومرگیەکان و داهاتی ناوخۆی نانەوتی و دامەزراندنی پەیوەندییەکانی بەوجۆرەی خوازیاری بوو لەگەل ولاتانی ناوچەکەو دنیا، لەژێر هەژموون و بریاری دەسەلاتی هەرێمدا بوو، دەسەلاتی فیدرالی عێراق و دادگای فیدرالیش کێشەیەک و لە بنەرەتدا تونایی نەبوو، کەچی ئێستا پێچەوانە بۆتەوە بە خێرایەکی زۆرەوە بالادەستی خۆی بەسەر دەسەلاتی هەرێمدا جێگیر کردووە دەسەلاتیش ناچار بووە ملکەچی بریارەکانی بێت. بریاری راگرتنی فرۆشی نەوت، پرسی بودجە شایستە داراییەکانی هەرێم و گرێدانەوەی بە رادەستکردنی داهاتە ناوخۆیی ونانەوتیەکان، چاودێری بەسەر سنورەکان و هەولدان بۆ گێرانەوەی پرسی پاراستنی ئەمنی سنورەکان، پرسی گێرانەوەی پەیوەندییەکان بۆ دەسەلاتی بەغدا، دەستێوەردان لە پرسی هەلبژاردنەکان و ئەنجومەنی شارەوانیەکان، گۆشە بەگۆشەی دەستبەردن بۆ پیادەکردنی دەستور و فیدرالیزم... لەهەموو خولەکانی پێشووی پەرلەمانی کوردستاندا پەرلەمان تەمەنی خۆی درێژ دەکردەوە، ئەنجومەنی شارەوانیەکان، بەهەمان شێوە عومری خۆی زیاد دەکرد، نەوت دەفرۆشرا... دادگای فیدرالی هیچ کێشەیەکی نەبوو، هۆکاری ئەوە تەنها هاوسەنگی هێز بوو، ئێستا دادگای فیدرالی دەسەلاتی یاسایی هەرێمی بەکردەوە هەلپەساردووە، تەنانەت پرسی چاودێری هەلبژاردنەکانی خستۆتە ئەستۆی بەغدا و کاری پەرلەمانی هەرێمی راگرتووە...تاد، بەم شێوەیە ئێستا فیدرالیزم و دەستور لەلایەن بەغداوە کارایەو بەدەستەوە گیراوە. ئەم دۆخەی ئێستای دەسەلاتی هەرێم کە رۆژ بەرۆژ بچوکتر و تا رادەی ئەوەی سەران و نوسەرانیان دەلێن قەوارەی سیاسی هەرێم لەبەردەم کۆتایی خۆیدایە، بەجیا لە ئەزمەو بێ توانایی خودی ناسیونالیزمی کورد، بەرهەمی پاشەکشەی دەسەلاتی ناوەندی لە دەستور و فیدرالیزم نییە، بەلکو بەرهەمی رادەیەک لە پابەند بوونی بەغدایە بە فیدرالیزم و دەستورەوە و ئیتر فیدرالیزمیش بانگەوازێکی پوچ نییە، بەلکو ئامرازێکی کارایە و ئەم ئامرازەش بۆتە هۆی قولکردنەوەی ئەزمەی دەسەلاتی بۆرژوازی کورد و گەورەکردنی قلشتی ریزەکانی.

جیا لەهەموو ئەوانە ئێستا کوردستان کۆمەلگەیەکی دابراو لە عێراق، یان سەرگەردان و بی ناسنامەی حقوقی نییە، بەلکو پرۆسیسی تێکەل بوونەوەی لەگەل عێراق بەکردەوە لەسەروی ئیرادەی خەلکی کوردستان و بە خۆجوتکردنی دەسەلاتی ناسیونالیزمی کورد لەگەل ناوەند دەستی پێکردووە و ناسیونالیزمی کورد وەکو بەشیک لە بۆرژوازی عێراقی نوینەرایەتی راسپاردەکانی عێراق لە هەرێم و ئاستی ئیداریدا دەکات و وەکو موچەخۆری بەغدا ئەرکی ئیدارەی کوردستانی پێ سپێردراوە، بەلام لەگەل گوشارێکی بەردەوامدا.

ئەم دۆخە تازەیە ویستی دەسەلاتی بۆرژوازی کورد نەبوو، دیارە ویستی خەلکی کوردستانیش نییە. بۆ دەسەلاتی بۆرژوازی کورد ناچاری و بۆ خەلکی کوردستان، نەفرەتە لەدەسەلاتی بۆرژوازی کورد کە نەک نەیتوانی ئایندەی سیاسی کوردستان بەرەو جێگایەکی شیاو ببات، بەلکو بووە هۆکاری دۆخێکی نەخوازراوی سەختی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و دوبارە گێرانەوەی هەژموونی سیاسەت و بریاری ناوەند بەسەر خەلکی هەرێمدا و دورخستنەوەی چارەسەری کارسازی پرسی سیاسی خەلکی کوردستان.

ماهیەتی دەسەلاتی بۆرژوازی عێراقی، چاوەروانی ئەوەی لێناکرێت، بتوانێت هەلگری هیچ چارەسەرێک بۆ پرسی سیاسی خەلکی کوردستان و مایەی بەخشینی ژیانێکی ئازادو خۆشگوزەران بێت. بۆیە خەلکی کوردستان بەتایبەتی چینی کرێکارو جەماوەری بێبەشەکەی لەلایەکەوە پێویستی بە گرێدانی خەباتی چینایەتی بە چینی کرێکاریی عیراقەوە هەیە و لەلایەکی تریشەوە پرسی سیاسی خەلکی کوردستان بۆ بریاردان لەسەر چارەنووسی خۆی، ئەرکی چینی کرێکارە.

لە کاتێکدا دەسەلات و حکومەتی ناوەندی دەسەلات و حکومەتێکی مەدەنی نییەو ناتوانێت هاولاتیان عێراق لەبەرامبەر بەیاسادا بە یەکسان تەماشا بکات، بۆیە پرسی ئایندەی سیاسی کوردستان وەکو کێشەیەکی نەتەوەیی و مێژووی و لێکهەلپێکراو لە ئاستی ناوچەکەدا، بەبێ چارەسەر دەمێنێتەوە و ئەگەری دوبارە بوونەوەی ستەمی نەتەوایەتی لەسەر خەلکی کوردستان، ئەگەرێکی جدیەو چارەسەرەکەشی وەکو هەمیشە بەستراوەتەوە بە گەرانەوە بۆ ئیرادەی سیاسی خەلکی کوردستان، بۆ مانەوە لەگەل عێراق یان جیابوونەوەو پێکهێنانی ولاتێکی سەربەخۆ....

**کۆتایی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣**

**ئێستا کوردستان کۆمەڵگەیەکی دابڕاو لە عێراق، یان سەرگەردان و بی ناسنامەی حقوقی نییە، بەڵکو پرۆسیسی تێکەڵ بوونەوەی لەگەڵ عێراق بەکردەوە لەسەروی ئیرادەی خەڵکی کوردستان و بە خۆجوتکردنی دەسەلاتی ناسیونالیزمی کورد لەگەڵ ناوەند دەستی پێکردووە و ناسیونالیزمی کورد وەکو بەشیك لە بۆرژوازی عێراقی نوینەرایەتی راسپاردەکانی عێراق لە هەرێم و ئاستی ئیداریدا دەکات و وەکو موچەخۆری بەغدا ئەرکی ئیدارەی کوردستانی پێ سپێردراوە، بەڵام لەگەڵ گوشارێکی بەردەوامدا...**

**ئێستا فیدرالیزم و دەستور لەلایەن بەغداوە کارایەو بەدەستەوە گیراوە. ئەم دۆخەی ئێستای دەسەڵاتی هەرێم کە رۆژ بەڕۆژ بچوکتر و تا رادەی ئەوەی سەران و نوسەرانیان دەڵێن قەوارەی سیاسی هەرێم لەبەردەم کۆتایی خۆیدایە، بەجیا لە ئەزمەو بێ توانایی خودی ناسیونالیزمی کورد، بەرهەمی پاشەکشەی دەسەڵاتی ناوەندی لە دەستور و فیدرالیزم نییە، بەڵکو بەرهەمی رادەیەك لە پابەند بوونی بەغدایە بە فیدرالیزم و دەستورەوە و ئیتر فیدرالیزمیش بانگەوازێکی پوچ نییە، بەڵکو ئامرازێکی کارایە و ئەم ئامرازەش بۆتە هۆی قوڵکردنەوەی ئەزمەی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و گەورەکردنی قڵشتی ریزەکانی...**

## درێژەی: مامۆستایان و مامۆستایانی وانەبێژ چۆن دەتوانن داخوازییەکانیان بەدەست بهێنن؟

مافە زۆر سادە و رەواکانیان، پێشرەوی زۆری کردووە. دەست لەناو دەست نانی مامۆستایان و مامۆستایانی وانەبێژ، بەردەوامی نارەزایەتییەکان و زیاتر بوونی بەشدابوانی، فراوان بوونەوەی بۆ زۆرێک لە شارو شارۆچکەکان، رەوینەوەی خۆشباوەری بە دەسەڵات و بانگەشەکانیان، پێکهێنانی ئەنجومەنی سەرپەرشتی نارەزایەتییەکان، پێشرەوی کردن لە بایکۆتەوە بۆ کۆبونەوەو خۆپیشاندان، تا رادەیەک راکێشانی پشتیوانی زیاتری کەس و کاری خوێندکاران بۆ خواستەکانیان، زۆر بوونی پشتیوانی کۆمەڵگە بۆ داواکارییەکانیان، سوربوون لەسەر سەرکەوتن. ئەمانە دەستکەوت گەلێکی ئێکجار گرنگن، کە توانایی و بڕوابەخۆبوونی مامۆستایانی زیاتر کردووە. ئەوەی تا ئێستا دەسەڵاتی سیاسی گوێ لەخواستی مامۆستایان و مامۆستایانی وانەبێژ ناگرێت و خۆی لە وەڵامدانەوەیان دەدزێتەوە، نیشانەی بن بەست و لاوازبوونی دەسەڵات و هاوکات گرنگی نەدانە بە پرسی خوێندن و پەروەردە. جیا لەوانە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد ئەگەر خۆپیشاندان و مانگرتنێک زیان و گورز نەوەشێنێتە سەر داهات و کەڵکەکەی سەرمایەو دەستی دزی و تاڵانیان کورت نەکاتەوە، گرنگی پێنادەن و فەرامۆشی دەکەن. مانگرتن و خۆپیشاندانی مامۆستایان، رێگەی کەڵەکەی سەرمایە، سەرچاوەکانی دزی و تاڵانی دەسەڵات راستەوخۆ ناکاتە نیشانە بۆیە بە سانایی گوێی پێنادەن، ئەگەر ئەم بایکۆت و مانگرتن و خۆپیشاندان و کار راگرتنە، لە کارگەیەک، یان کیڵگەیەکی نەوتی، یان دەروازیەکی سنوری.... نەک بۆچەند مانگ، بەڵکو تەنها یەک هەفتە روویدات دەسەڵات ناچار دەبێت، خێرا بیتە سەر خەت و وەڵام بداتەوە. دەسەڵات تەنها بە زمانی پارە و داهات و دزی و تاڵانی ئاشنایە و ئەو چاوچنۆکییە، بەرچاوی گرتووە لەوەی تێبگات، کە دواکەوتنی خوێندن و راگرتنی پرۆسەی خوێندن، چ کارەساتیکی بەدواوەیە و چ کاریگەریەکی دەبێت لەسەر خوێندن و پەروەردە. دەسەڵات لە سەرمایەی مەعنەوی و گرنگی ئاییندەی خوێندن پەروەردە حاڵی نییە، ئەمەش ناوەرۆکی دژە ئینسانی دەسەڵات دەخاتە ڕوو. تەنانەت گواستنەوەی خۆپیشاندان بۆ بەردەم دەسەڵاتی بەغدا، موی دەسەڵات ناجوڵێنیت... لە کاتیکدا بردنی خۆپیشاندان بۆ بەغدا، ئاماژەیەکی رۆشنە بۆ نیشاندانی نابەرپرسیاریەتی دەسەڵاتی هەرێم و خستنەرووی ناوەرۆکی دەسەڵات بە رای جەماوەری لە ئاستی عێراقدا. جیا لەوانە ئەگەر دەسەڵاتی بەغدا مل بدات بە خواستی دانی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم، هیندەی تر دەسەڵاتی سیاسی کورت دەکاتەوەو بی کارەی دەکات... ئاخر دەسەڵاتیک پرسی ئابوری و دەروازە سنورییەکانیان و ئەمنی و موچەو پەیوەندییە فەرمیەکان و خزمەتگوزارییەکانی لەدەست دەربێت، چی بۆ دەمێنێتەوە جگە لەوەی رۆڵی هیزیکی کرێگرتە بۆ ئیدارەدانی هەرێم بگێرن بێ ئەوەی دەسەڵات و بریاریان بەدەست بێت، واتە تەنها دەبنە جێ بەجێکاری راسپاردەکانی بەغدا.

مامۆستایان و مامۆستایانی وانەبیژ و بە بەدەستەوەگرتنی هەر رۆژەی داهینان و گرتنەبەری رێگای تر، نیشانەی چوونە سەری ئامادەیی و بریاری بەردەوامی دانیانە بۆ سەرکەوتن و ناچارکردنی دەسەڵاتە بۆ ملدانی بەخواستەکانیان... بەڵام هێشتا پێویستە رابەران و هەلسوڕاوان و ئەنجومەنی سەرپەرشتی خۆپیشاندانەکان، رێگای تر و شێوازی تر بگرنە بەر، لە پێش هەموویانەوە ریکخراوبوون و پێکهێنانی رێکخراوەی سەربەخۆی مامۆستایان، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش و راکیشانی پشتیوانی زۆرتری کەس و کاری خوێندکاران، بەدەست هێنانی پشتیوانی کۆمەڵگە... گواستنەوەی خۆپیشاندان و مانگرتنەکان بۆ ئەو جێگایانەی شادەماری ئابوری و داهاتی دەسەڵاتە، بۆ نموونە چۆن خۆپیشاندان دەبنە بەغدا، با بەخۆپیشاندان ریگای تانکەرە نەوتەکان بگیریت، خاڵە سنور و گومرگیەکان، ببەستن... تاد، ئەوە دەتوانێت دەسەڵات بیدار بکاتەوە و ناچاری بکات، بیتە سەر خەت و وەڵام بداتەوە.

## درێژەی: ئیسلامیەکانی کوردستان لە بەرگری لە حەماس و کێشەی فەلەستیندا...

دنیادا یان هاوکار و هاوپەیمان و یانیش بۆ هێشتنەوەی برێک لە ئابڕوی سیاسی بێدەنگە هەڵدەبژێرن.

لەو نێوەدا ئیسلامیەکانی کوردستان نموونەی بەرجەستەی ئەو مامەڵە نائینسانیەن بە کێشەی خەڵکی فەلەستینەوە و ئامانجیشیان ئەوەیە کێشەی داگیرکاری و ملهوری دەوڵەتی ئیسرائیل وەکو کێشەی ئاینی و مەزهەبی نیشان بدەن و ناوەرۆکی ئەو داگیرکاریی و پاکتاوکردنە نەتەوەییە بشارنەوە کە نزیک بە ٨ دەهەیە بەبەرچاوی دنیاوە لەلایەن دەوڵەتی ئیسرائیلەوە پیادە دەکرێت.

پشتیوانی رەوت و گروپە ئیسلامیەکان لە حەماس، بۆ بەرگریکردن لە خەڵکی فەلەستین و وەستانەوە بەرووی داگیرکاری دەوڵەتی ئیسرائیلدا نییە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ خۆ هەڵواسین بە کێشەی فەلەستینەوە و نیشاندانی حەماسە وەکو ئاڵاهەڵگری ئیسلام بۆ پرسی خەڵکی فەلەستین.

لە پاڵ درندەییی دەوڵەتی ئیسرائیلدا بەدژی خەڵکی فەلەستین، دەوڵەتی تورکیا لە درندەیی بەرامبەر بە خەڵکی ئازادیخوازی تورکیا و ناوچەکەو بەتایبەتی تریش لەدژی خەڵکی کوردستان، بەردەوامە. بێ ئەوەی هیچ رەوتێکی ئیسلامی ئیدانەی ئەم درندەیی و پاکتاوکردنە نەتەوەییە بکات و ملهوری و دەستیوردەانی تورکیا لە وڵاتانی ناوچەکەدا ئیدانە بکات. یان هەر ئەو ئیسلامیانە بی ئەوەی ئیدانەیەکی رۆشن و بێ ئەمما و ئەگەری رەوتیکی وەکو داعش بکەن، کە جینۆسایدیکی ئاشکرای ئەم سەردەمەی لە شەنگال و دەوروبەریدا ئەنجامدا و هەموو کردەوەیەکی قێزەون و نائینسانی پەیڕەو کرد. هیچ کام لەو رەوتە ئیسلامیانە هیچ رەخنە و کاردانەوەیەکیان لە بەرامبەر بە رەفتار و مامەلەێ دەسەڵاتدارێتی حەماس لەدژی خەڵکی غەزە و ئەو هەموو دزی و گەندەڵی و تاڵانی و بێمافیەی لە ژێر دەسەڵاتیاندا بەسەر خەلکی فەلەستیندا دایان سەپاندووە، نەک جێگای باس نییە، بەڵکو بەرگری لێدەکەن. رەوت گەلێکی لەم چەشنە چەندە بخوازن و بیانەوێت خۆیان بە کێشەی خەڵکی فەلەستینەوە هەڵبواسن ناکامن و تەنها دەتوانن ببنە بەرگریکار لە حەماسی ئیسلامی، بەواتایەکی تر ئیسلامیەکان هاسوز و پشتیوانی حەماسی ئیسلامین، نەک خەڵکی فەلەستین و رەوایی کێشەکەیان.

ئەوەی کەوای کردووە حەماس و سەرجەم رەوت گەلی تری ئیسلامی پێ بگرن و ئامادەیی لە ململانێ و کێشەسیاسیەکاندا پەیدا بکەن، کێشەی چارەسەر نەبووی فەلەستین و درندەیی و داگیرکاری دەوڵەتی ئیسرائیل و پاشەکشەی رەوتە چەپ و قەومییەکانە، بەڵام ئەم واقعیەتە هیچ رەوایەتیەک بە ئیسلامی سیاسی نادات و ناتوانێت ئاڵوگۆر بەسەر پەیام و ئامانجی ئیسلامی سیاسیدا بهێنێت، کەخوازیاری داسەپاندنی دەسەڵات و بەشی خۆیانن لە ئاستی ناوچەکەدا، نەک چارەسەری رەواو کارسازی کێشەی فەلەستین.

رەوتە و لایەنە ئیسلامیەکانی کوردستان، کە بەتەواوەتی شکستیان خواردووەو ناکام ماونەتەوە لەبەرامبەر مەدەنیەتی خەڵکی کوردستاندا. ئەمجارە دەیانەوێت بە خۆ هەڵواسین و فرمێسک هەڵوەراندن بۆ مستەسعەفینی فەلەستین جیگایەک بۆخۆیان پەیدا بکەن، بەڵام واقعیەت ئەوەیە، کە ناتوانن بە خۆهەڵواسین و فرمێسک هەڵوەراندن بۆ خەڵکی فەلەستین نە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا قەرەبووی شکست و ناکامی خۆیان بکەنەوە و نە لەئاستی ناوچەکەشدا جیگایەک پەیدا بکەن. خەڵکی کوردستان و ناوچەکە زۆر لەوە هوشیارترن، کە بکرێت ئەو رەوتە کۆنەپەرستانە فریوکاریەکانیان بەسەریاندا زاڵ بکەن.

## لە بۆپێشەوەوە

- بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.
- بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێك بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.
- بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.
- درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.
- ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە...



# ئایا عەرەبەکانی ناو ئیسرائیل هەمان مافی جوولەکانیان هەیە؟

## نووسینی: عامر سابیر

لە ئیسرائیلدا نزیک بە دوو ملیۆن عەرەب ئەژی، کە ئەکاتە نزیک بە 21٪ی دانیشتوانی ئیسرائیل. ئەکادیمیست و مێژوونووسی ئیسرائیلی (ئیلان پاپەی) لە تەلەفزیۆنی (بی بی سی) لە بەرنامەی (هارد تۆک - وتووێژی سەخت) لە 30/6/2014 دا وەڵامی ئەم پرسیارەی سەرەوە ئەداتەوە.

**ستیڤن سانکە:** باشە، با باسی فەلەستینییەکان یان عەرەبە ئیسرائیلییەکان بکەین کە هاوڵاتی دەوڵەتی ئیسرائیلن، کە راپرسییەکیان لە نێودا کراوە کە لە رۆژنامەی (قودس پۆست – جورشەلیم پۆست) بڵاوکراوەتەوە، کە 60٪ ئیسرائیلیان وەک شوێنێکی باش بۆ ژیان وەسف کردووە، وە 50٪ ئەوەیان وتووە کە ئەوان باوەڕیان بە شەرعیەتی ئیسرائیل هەبووە وەک دەوڵەتێکی جوو، وە کەمتر لە 25٪ دەیانەوێت بچن لە دەوڵەتێکی فەلەستین کە شانبەشانی ئیسرائیل بێت بژین؟

**ئیلان پاپەی:** من گومانم لەم راپرسیە هەیە، ئەگەر بڵێم یەک بابەت هەبێت کە بەراستی شارەزایی تەواوم لێی هەبێت، بریتییە لە وەزعی ژیانی فەلەستینییەکان لە ئیسرائیل، چونکە ئیسرائیل ماڵی سیاسی من بووە، ماڵی کەلتووری من بووە، ژیانی کۆمەڵایەتی من لەوێ بووە. نازانم بنەمای ئەو وەڵامانەی ئەو راپرسیە چییە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەمە رەنگدانەوەی هەستی فەلەستینییەکان نییە دەربارەی ئیسرائیل.

لێرەدا پێشکەشکەری بەرنامەکە (ستیڤن سانکە) قسەکان بە ئیلان پاپەی ئەبڕێت و ئەڵێ:

بەڵام رەنگە رەنگدانەوەی شتێک بێت کە من پرسیار دەکەم، ئایا ئێوە ئینکاری ئەوە دەکەن کە ئیسرائیل دیموکراسییە و بیگومان عەرەبەکانی ئیسرائیل مافی دەنگدانیان هەیە لە هەڵبژاردنەکانی ئیسرائیلدا؟ ئیسرائیل سیستەمێکی دادگایی هەیە کە توانای وەستانەوەی هەیە بەرانبەر ئەوانەی لە دەسەڵاتدان، ئێمە بینیمان کە چەند سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل بە تاوانی گەورە سزادراون؟ پابەندبوونێکی بنەرەتی هەیە بە دیموکراسی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئیسرائیل کە لە ناوچەکانی فەلەستین نابینرێت لە ئێستادا، کە لە هیچ لەو وڵاتە عەرەبیانەی کە دراوسێی ئیسرائیلن نابینرێت؟ بە دڵنیاییەوە عەرەبە ئیسرائیلییەکان توانای بینینی ئەوەیان هەیە؟

**ئیلان پاپەی:** نەخێر ناتوانن ببینین. لە ئیسرائیلدا 93٪ زەوی تەنها هی جوولەکانە، لە ئیسرائیلدا فەلەستینییەکان رێگەیان پێ نادرێ شوێنی نیشتەجێبوونی نوێ ئاوەدان بکەنەوە و گوندی نوێ دروستبکەن، رێگەیان پێ نادرێ شارەکانیان فراوان بکەنەوە. لەباری ئاسایشی کۆمەڵایەتییەوە (سۆشیال سکیوریتی – زەمانی ئیجتیماعی) فەلەستینییەکان بەهرەمەند نیین لە هەمان ماف کە جوولەکان هەیانە. هەمان مافی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکانیان نییە کە بۆ جوویەکی ئاسایی هەیە. لە باری پەروەردەوە هەڵاواردنیان بەرانبەر کراوە و منداڵانیان بەهرەمەند نین لە هەمان سیستەمی خوێندنی جوولەکان. وە لە هەموو لایەنەکانی تری ژیاندا، لە باری دادوەری، یاسایی، دارایی ئەوان جیاکاریان لەگەڵ ئەکرێ. سەرەرای هەموو ئەم جیاکاریانە، پێم وایە زۆر گرنگتر لە هەر هەموو شتێکی تر ئەو راستییەیە کە دەوڵەت وەک بەشێک لە میللەت دانیان پێدا نانێت، چونکە دەوڵەت وەک بەشێک لە نەتەوە نایانناسێت و دانیان پێدا نەناوە.

وە لەبەرئەوەی کە دەوڵەت وەک بەشێک لە نەتەوە نایانناسێت، وە لە 10 ساڵی رابردوودا شەپۆلێک لە بڕیاریان لە دژیان دەرکراوە کە ئینکاری وجودیان وەک بەشێک لە نەتەوە ئەکات، کە ئەمە وەک مۆتەکەیەک (بۆمبێک) بەسەریانەوە هەڵواسراوە و ژیانێکی زۆر ناجێگیر ئەژین، هەر وەک لە باشوری ئیسرائیلدا ئەیبینین لەم کاتەدا کە قسە ئەکەین هەفتا هەزار فەلەستینی لە گوندەکانیان دەرکراون، ئەمە واتای ئەوەیە کە پاکتاوی رەگەزی ...

لێرەدا جارێکی تر پێشکەشکاری بەرنامەکە (ستیڤن سانکە) قسەکانی پێ ئەبڕێت.

**ئیلان پاپەی** ئەڵێ رێگەم بدە تەواوی بکەم، بەڵێن ئەدەم بە زوویی بە چەند رستەی تر تەوای بکەم،

**ئیلان پاپەی** بەردەوام ئەبێت و ئەڵێ زۆر گرنگە لەوە تێگەین کە ئیسرائیل یان زایۆنیزم ئەو دیدگایەی هەیە کە ئەیەوێ زۆرترین خاکی فەلەستینی هەبێت بە کەمترین دانیشتوانەکەیەوە... رێگەم بدە باتەواوی بکەم، ئەمەوێت ئیشارە بە مەسەلەیەکی گرنگ بکەم...

لێرەدا جارێکی تر پێشکەشکارەکە (ستیڤن سانکە) قسەکان بە ئیلان پاپەی ئەبڕێت و نایەڵێ وەڵامەکەی تەواو بکات.

گوێگرتن لەم چاوپێکەوتنە (کە لینکەکەی لە خوارەوەیە) زۆر گرنگە بۆ هەر کەسێک کە کێشەی خەڵکی فەلەستین و داگیرکاری ئیسرائیلی بۆ گرنگ بێت. هەر چەندە پێشکەشکارەکە (ستیڤن سانکە) زۆر پرۆ ئیسرائیلە و بە پرسیارە ئیستیفزازی و بەرخوردە سارکاستیکانەکەی نایەڵێ ئیلان پاپەی وەڵامەکانی تەواو بکات و بە پرسیاری زۆر دای ئەگرێت و نایەڵێ گوێگر بەتەواوی بە بۆچوونی ئیلان پاپەی ئاشنابێت. بەڵام دەردەکەوێ کە ئیلان پاپەی بە هێمنی و وەڵامە دروستەکانی براوەیە و ستیڤن سانکە شکستی هێنا لەم گفتووگۆ سەختەیدا.

بۆ ئاشنابوونی زیاتر لەسەر مافی فەلەستینییەکانی ناو ئیسرائیل، خوێنەر ئەتوانێ لە یەکێک لە دوا کتێبەکانی ئیلان پاپەی بە ناوی (دە ئەفسانە لەسەر ئیسرائیل) کە لە 2017 دا بڵاوکراوەتەوە و لینکەکەی لە خوارەوەیە ئاشنایی زیاتر پەیدا بکات.

**سەرچاوەکان:**

1-لینکی چاوپێکەوتنەکەی ستیڤن سانکە لەگەڵ ئیلان پاپەی لە تەلەفزیۆنی (بی بی سی) بەرنامەی (هارد تۆک):

https://www.youtube.com/watch?v=4lsmFS75ed4

2- لینکی کتێبەکەی ئیلان پاپەی بە ئینگلیزی، بە ناوی (دە ئەفسانە لەسەر ئیسرائیل)

https://archive.org/details/ten-myths-about-israel-by-ilan-pappe-2017/page/n11/mode/2up

لینکی سەردێرەکانی ئەم کتێبە بە کوردی:


https://emrro.com/deefsaneleserisrail.htm

26/11/2023

# سەرنجێك لەسەر پەرەسەندنی ڕاستڕەوە توندڕەوەکان لە ئەوروپا

## نووسینی: توانا حەمە نوری

گەشەسەندنی هێزە راستڕەوە توندڕەوەکان لە سەرانسەری ئەوروپا پێویستی بە شیکاری زیاترە وە هەروەها ئیدانەکردنیشە. پارتی ئازادی گێرت وایلدەرز لە هەڵبژاردنەکانی هەفتەی رابردووی هۆڵەندا پلەی یەکەمی بەدەستهێنا. ئەمەش دوای سەرکەوتنی جۆرجیا میلۆنی لە ئیتاڵیا و بەهێزبوونی پارتی بەدیل لە ئەڵمانیا AfD ئەگەری ئەوەی کە ماری لۆ پێن ببێتە سەرۆکی داهاتووی فەرەنسا.



ئەم حیزب و لایەنانە سواری شەپۆلی نارەزایەتییە کۆمەڵایەتیەکان بوون، بەتایبەتیش دوای کەڵەکەبوونی کێشەکان لە دوای قەیرانی ئابووری ساڵی ٢٠٠٨ – ئەگەر پێشتریش نەبێت -، وە ئەوەی کە دەسەڵاتداران، جگە لە سیاسەتی سک هەڵگوشین و کەمکردنەوەی خەرجییەکان، ناتوانن وەڵامی کێشەکان بدەنەوە وەکو زیادبوونی کرێی خانووبەرە، لەدەستدانی کار، کەمی خانووبەرە، کەمی کرێی هەقدەست، گرانی، بەرزبوونەوەی نرخی وزە و کاڵا و شمەکان و کێشەی تریش.

پێدەچێت قەیرانی وزە کە لە شەڕی ئۆکرانیا و سزاکانی سەر نەوتی رووسیا سەرچاوەی گرتووە، هۆکارێکی سەرەکی سەرکەوتنی بوو بێت.

گێرت وایلدەرز هەڵبژاردنی هۆڵەندای بردەوە بەهۆی شکستی نیولیبرالیزم، بەڵام ئەم و راستڕەوە توندڕەوەکانی هاوڕێشی هەرگیز بەرەنگاری نیولیبرالیزم نابنەوە، ئەگەرچی سوود لە وشەی رادیکاڵ دەبینن، بەڵام لەبری ئەوە، دوای ئەرکی نوێکردنەوەی سیستەمەکە کەوتون بە پۆشینی جلوبەرگی نەتەوەیی-کەلتووری و لە کۆتاییا هەوڵدەدەن بۆ دابەشکردنی چینی کرێکار و بێبایەخکردنی کۆمۆنیستەکان و چارەسەرە سۆشیالیستییەکان.

تیشکێکی زۆر دەخەنە سەر کۆچبەران لە هەمان کاتیشا ئاگاداریشن کە ئامانجی هاندانی کۆچکردن لە لایەن چینی دەسەڵاتدارەوە بۆ کەمکردنەوەی بەهای هێزی کارە لە ئابووری ئەورووپادا، نەک لەبەر ئەوەی حەزیان لە فرەکلتوری بێت. ئەم ئامانجە بە شێوەیەکی تر لە رێگەی ئامرازی تریشەوە بەدەست دەهێنن کە لەگەڵ ئەجێندای نەتەوەیی و پۆپۆلیستیدا بگونجێت، وەکو لاوازکردنی سەندیکا و یەکێتییە کرێکارییەکان، رێگریکردن لە مانگرتن و خۆپیشاندان و لاوازکردنی یاساکانی کار و سەلامەتی شوێنی کار و هەنگاوی تر بۆ تێکدانی یەکریزی و پەراوێزخستنی چینی کرێکار.

**پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**

bopeshawa@gmail.com

## پرسی ڕۆژ/ پرسی مووچەی فەرمانبەران وبایکۆتی مامۆستایان.

## بەڕێز مامۆستا تاریق تاهیر هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی نارەزایەتی مامۆستایان لەکوردستان، ونووسەر وڕۆژنامەنووس وچالاکی مەدەنی؛ وەڵامی پرسی ڕۆژ داوەتەوە...



پرسی مووچەی فەرمانبەران بەپاشەکەوتکردن، و لێبڕینی جیاجیا تادەگاتە دواکەوتن ونەدانی مووچە بۆپتر لەمانگێك، ماوەی چەند ساڵێکە بەرۆکی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە، وبۆتە پرسێکی سیاسی وکۆمەڵایەتی ومالی وچۆتە ناوهەمووتاکێکی کۆمەڵگەی کوردستان. گەیشتۆتە رادەی پەکخستنی ئابووری وڵات ونانەوەی کێشەی کۆمەڵایەتی ودەروونی وفەرهەنگی بۆکۆمەڵگە. سەرچاوەکەشی بێتوانایی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کەماوەی پتر لە٣٠ساڵە دووحزبی سەرەکی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە وئەودۆخەیان پێ چارەسەر نەکراوە.

دوایین نارەزایەتی کۆمەڵگە لەلایەن مامۆستایانی ناوچەی زۆنی سەوزەوە دەستیپێکردەوە لەبایکۆتکردنی خوێندنی ساڵی ٢٠٢٣-٢٠٢٤ ە. بەڕای بەڕێزتان وەڵامنەدانەوە وچارەسەرنەکردنی ئەم کێشەیە بەشێوەیەکی بنەڕەتی بۆچی دەگەڕێتەوە؟ بۆ نارێکخراوی فەرنامبەران بەگشتی لەداواکردنی مافەکانیان؟ یان بێباکی دەسەڵاتداران لەهەرێم لەبەرامبەر هاوڵاتیان وکۆمەڵگە بەگشتی؟ هەروەها دواى تەجروبەیەکی زۆر لەدەربڕینی نارەزایەتی بەشێوەی جۆراوجۆر؛ ڕێگە چارە چییە؟

بەڕێز مامۆستا تاریق تاهیر هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی نارەزایەتی مامۆستایان لەکوردستان، ونووسەر وڕۆژنامەنووس وچالاکی مەدەنی؛ وەڵامی پرس پژمارەی ئەمجارەی داینەوە.

**م. تاریق تاهیر:** بایکۆت و خۆپیشاندان و مانگرتنی مامۆستایان و فەرمانبەران لەئێستەو ڕابردوودا هۆکارە بنەڕەتیەکەی فەشەلی کارگێری و ناتەندروستی ئیدارەدانی ئەم دەسەڵاتەیە. هۆکاری ئەم جۆرەش لەئیدارەدان زاڵبونی مەنتقی هێزە بەسەر مەنتقی دیموکراتی وهەڵبژاردنی دوور لەتەزویرو گزی. ئەوکەسانەی خاوەن بڕیارن؛ کەسانی نەشارەزاو نادڵسۆزو بێ ئەزمونن وئامانجی لەپێشینەیان دەوڵەمەندکردنی حزب و بنەماڵەیە، بۆیە زیاتر وەك بازرگان دەناسرێن نەك فەرمانڕەوا.

درێژبوونەوەی بایکۆت و ڕاگرتنی پرۆسەی خوێندن بۆ ئەو ماوە زۆرە؟ تێنەگەشتنی بەرپرسانی ئەم حوکمەتەیە لەوقسە زێڕینەی ڤیکتۆر هۆگۆ کەدەڵێت" لەگەڵ کردنەوەی دەرگای قوتابخانەیەك، دەرگای زیندانێك دادەخرێت". بۆیە کاتێك لەبری لێهاتوویی و دڵسۆزی، ولەبری زانست وڕۆشنفکری؛ بنەماڵە وحزب دەکرێنە پێوەری هەڵسەنگاندن بۆ پلەو پۆست چاوەڕێی دەرەنجامێکی لەمە باشتر ناکرێ کە ٧٠ ڕۆژە پرۆسەی پەروەردەوفێرکردن پەکی کەتووە، و نەحوکمەت نە هیچ کەس ولایەنێك بەخەمی خۆی نازانێ، وهەنگاوێك بەئاراستەی چارەسەر نانێت!

وەڵام نەدانەوەی حوکومەت لەبەرانبەر خواست وداواکاری وبایکۆتی ٧٠ ڕۆژەی مامۆستایان، جگەلە بێباکی وخەمساردی ئەم دەسەڵاتە بەرانبەر پەروەردەو فێرکردن وئایندەی نەوەکانی، هیچ پێناسەیەکی دیکە هەڵناگرێ، وپێمان دەڵێت ئەوەی حوکمی ئەم میللەتە دەکات عەقڵیەتێکی خێڵەکی دواکەوتوو، نامۆدێرنی هەیە، وبەکەڵکی ئیدارەدان نایەت. بێدەنگ بوون بەرانبەر ئەم ماوە زۆرەی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن ئەیسەلمێنێ کەئەم دەسەڵاتە خواست و ئارەزوی وایە کەنەوەی داهاتوو نەوەیەکی نەخوێندەوارو بێ پەروەردەبن، بۆئەوەی نەتوانن ببنە لەمپەرو ڕێگر لەبەردەم داهاتوی خۆیان و منالەکانیان لەبەتاڵانبردنی سەرخان و ژێرخانی ئەم وڵاتە.پێمان دەڵێ بەئەنقەست و بەشێوەی مەبەستدارو بەپیلان کار بۆ نەخوێندەوارکردنی کۆمەڵگە دەکرێ.

هەرچەند خۆشبەختانە مامۆستایان توانیویانە ببنە سەرمەشقی نارەزایەتیەکان وجڵەوی جوڵە وئاراستەی شەقام لەدەستبگرن، ولەو پێناوەدا ئەنجومەنێکی چالاك وکارایان هەیە کە سەرپەرشتی خۆپیشاندان و بایکۆت و نارەزایەتیەکان دەکەن. بەڵام بەداخەوە لەناو فەرمانبەران و توێژەکانی تر ئەم جۆرە لەڕێکخستن و کۆدەنگیە نییە نابیندرێت. نەتوانراوە دەنگەنارازیەکان لەبەرەیەکی یەکگرتودا کۆبکرێنەوە وبەشێوەیەکی ڕێکوپێك و کاریگەر ڕووە بەدەستهێنانی ئامانجەکان ئاراستەبکرێن. بۆیە دەکرێ خەمساردی دەسەڵات و نارێکخراوەیی تەواوی بەرەی نارازی، هۆکاری سەرەکی بن بۆ وەدی نەهاتنی ئامانجەکان.




بەداخەوە داواکاریەکان هەمان داواکاری بەدی نەهاتووی ساڵانی ڕابردوون کەخۆیان دەبیننەوە لە:

*دابەشکردنی مووچەی مامۆستایان و فەرمانبەران ڕاستەوخۆ لەلایەن (حوکمەتی عێراق)ەوە.

*کاراکردنەوەی پلەبەرزکردنەوە.

*دامەزراندنی مامۆستایانی وانەبێژ.

*پێدانی موچە سی ڕۆژ جارێك.

*چارەنوسی موچەکانی ئەمساڵ و موچە پاشەکەوتکراوەکان.

لەم پێناوەشدا هەوڵ و فشارەکان لەڕێگەی دەربڕینی نارەزایی بەڕێگە مەدەنیەکان بەردەوامن، و سەرەڕای بەردەوامی بایکۆت و خۆپیشاندانی ڕۆژانی یەك شەممە. هەروەها شێوەی دیکەی جۆراوجۆری نارەزایەتی لەداهاتوو دەگرینەبەر. هاوکات بڕیارە لەڕێی کۆمەڵێك دیداری حوکمی وحزبی وپەرلەمانیەوە لەڕێگەی فشار خستنەسەر حوکمەتی هەرێم کار بۆ جێیەجێکردنی ئامانجەکانمان بکرێت.

**مامۆستایان توانیویانە ببنە سەرمەشقی نارەزایەتیەکان وجڵەوی جوڵە وئاڕاستەی شەقام لەدەستبگرن، ولەو پێناوەدا ئەنجومەنێکی چالاك وکارایان هەیە کە سەرپەرشتی خۆپیشاندان و بایکۆت و نارەزایەتیەکان دەکەن. بەڵام بەداخەوە لەناو فەرمانبەران و توێژەکانی تر ئەم جۆرە لەڕێکخستن و کۆدەنگیە نییە نابیندرێت. نەتوانراوە دەنگەنارازیەکان لەبەرەیەکی یەکگرتودا کۆبکرێنەوە وبەشێوەیەکی ڕێکوپێك و کاریگەر ڕووە بەدەستهێنانی ئامانجەکان ئاراستەبکرێن...**



# (کۆمۆنیزمی مارکس) ئایدۆلۆژیا یا زانست!؟

نووسینی: سەردار عەبدوڵا حەمە

( ئایدیۆلۆژیا بریتیە لە فەلسەفەی بزووتنەوە چینایەتییەکان ئەمە تێگەیتشتنی منە بۆ ئایدۆلۆژیا، واتە هیچ بزووتنەوەیەک نییە چینایەتی نەبێ و هەڵگری فەلسەفەیەک نەبێ. هەر بزووتنەوەیەکی نیشتمانی و ناسیۆنالیستی و ئایینی و لیبراڵی و ڕاسیسیتی و نەژادپەرستی بزووتنەوەی چینی بۆرژوازیە و کۆمۆنیزمیش بزووتنەوەی چینی کرێکارە و هەردوو بزووتنەوەش هەڵگری ئایدیۆلۆژیان. ئایدۆلۆژیای بورژوازی دەیەوێ ئەوەمان پێ بڵێت خۆی تەنها ڕەهایەو داوای پاراستنی بارودۆخی پڕ چەوسانەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە دەکات دەستکاری ژێر خانی ئابوری کۆمەڵگەی چینایەتی نەکات. بە پێچەوانەوە ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیزم ڕێگایە بۆ گورینی ژێرخانی ئابوری ئێستا و گۆڕینی کۆمەڵگەی چینایەتی بۆ کۆمەڵگەی بێ چین و چەوسانەوە. ئایا کۆمەڵگەی ئێستا تەنها بە ئایدۆلۆژیا دەپارێزرێ یا دەگۆڕدرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لەلای زۆر کەس نارۆشنە لە کاتێکا هیچکام لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی بۆرژوازی و کرێکار نەیانتوانیوە تەنها بە ئایدۆلۆژیا کۆمەڵگە بپارێزن یا بیگۆڕن. هەردوو بزووتنەوەکە هانایان بۆ سیاسەت و ئابوریش بردووە لەم بارەوە. ئەوەی پەیوەندە بە کۆمۆنیزمی مارکس ئەوەیە کە ئەم کۆمۆنیزمە تەنها ئایدۆلۆژیا نییە، بەڵکو زانستی ڕزگاری کۆمەڵگەیە لە جەورو ستەم و هەموو مەینەتییەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری. بەشێکی کۆمۆنیزم ئایدیۆلۆژیایە. دوو بەشەکەی تری ئابوری و سیاسەتە بۆیە هەڵەیە ئەگەر بووترێ کۆمۆنیزم تەنها ئایدیۆلۆژیایە. کۆمۆنیزمی مارکس یا سۆشیالیزمی زانستی بەرهەمی ڕەخنەکانی مارکس و ئەنگلس بوو لە فەلسەفە و ئایدۆلۆژیاکانی پێش خۆیان لە ئەڵمانیا وەک هیگڵ و فیۆرباخ وە ڕەخنە بوو لە ئابوری ناسانی ئینگلتەرە وەک ئادەم سمیث و ڕیکاردۆ وە ڕەخنە بوو لە سۆشیالیزمی یۆتۆپی و ئانارشیستی فەرەنسا وەک برۆدۆن ورۆبرت ئوین و باکۆنین و فۆریە. لە ئەنجامی ئەم ڕەخنانەوە سۆشیالیزمی زانستی مارکس و ئەنگلس لەدایک بوو. واتە زانستێکی نوێ بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە لەدایک بوو، نەک ئایدیۆلۆژیایەکی نوێ. ئەم زانستە نوێیە پشت بەستووە بە ناسینی هەلومەرجی کۆمەڵگەی چینایەتی لەهەر شوێن و سەردەمێکدا. واتە ئەم زانستە پشت بەستوو نییە بەدەقەکان، بەڵکو پشت بەستووە بەڕێگایەک کە بنەماکەی مارکس و ئەنگلس بەدەستیان هێناوە. ئەم زانستە پشت بەستووە بە پراکتیکی چینی کرێکارو کۆمۆنیستەکان لەسەر بنەمای ناسینی هەلومەرجە جیاوازەکان و کاتە مێژوویە جیاوازەکان. پشت بەستوو بە خورافات و چیرۆکە داتاشراوەکان نییە وە پشت بەستوو بەخەیالات نییە وەک لە ئایینەکاندا هەیە. سۆشیالیزمی زانستی وەک ئەڵقەیەکی حەلەزۆنییە لە بازنەیەکی بچووکەوە دەبێتە بازنەیەکی گەورەتر وەک هەر زانستێکی تر قابیلی دەستکاری وفراوان بوونەوە و پێویستی بەداهێنانی زیاترە. هەروەک چۆن تیۆری ڕێژەیی ئەنیشتاین و تیۆری گۆڕانی جۆرەکانی داروین قابیلی دەستکاری و گۆڕانکاری وفراوان بوونەوەیە، بەڵام ئەمە دەبێ و پێویستە لەسەر بناغەی ئەم تیۆریانە ئەنجام بدرێ. هەرواش بۆ تیۆری مارکس وسۆشیالیزمی زانستی دروستە وڕەوایە. ئەمرۆ نوخبەیەک لە ڕۆشنبیرانی وردە بۆرژوازی ڕیاکارانە دەیانەوێ کۆمۆنیزم وەک ئایدیۆلۆژیا نیشان بدەن تا کۆمەڵگەی سەرمایەداری و موفتەخۆرانی بۆرژوازی لە مەترسی شۆڕشی کرێکاری بپارێن، هەمیشە دژایەتی خۆیان بۆ کۆمۆنیزم دووپات دەکەنەوە. سەرچاوەی ئەم جۆرە پروپاگەندەیەش هەر خودی بۆرژوازیە. بۆرژوازی دەیەوێ لە ڕێگای ئەم نوخبە و توێژە کۆمەڵایەتیەوە بە چینی کرێکارو توێژە چەوساوەکانی تر کۆمەڵگە بڵێت سیستەمە بۆگەنەکەیان ئەزەلی و ئەبەدیە و نەکەن و بڤەیە دەست بۆ شۆڕش و گۆڕانکاری ڕیشەیی ببەن و ئازادی ویەکسانی مەحاڵەو هەرگیز نایەتە دی. هەر بۆیە دەڵێن کۆمۆنیزم ئایدیۆلۆژیایە لە کاتێکدا کۆمۆنیزمی مارکس بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە لەگەڵ هاتنی سەرمایەداریدا هاتووە و بوونی هەبووە تەنانەت لەسەردەمی فیوداڵی و کۆیلایەتەتیشدا جۆرێ لە کۆمۆنیزم هەبووە ڕێگای ڕزگاری لەستەم چەوسانەوە و بەدیهاتنی عەدالەت و یەکسانی وە تەنانەت ئەتوانم بڵێم کۆمۆنیزم هەر لەسەرەتای دروست بوونی مرۆڤەوە هەبووەو سیستەمی بەڕێوەبردنی ژیان بووە. کاری هەرەوەزی بۆ پێکەوە ژیانی هاوبەش و یەکسان ئەنجام دراوە و کۆبوونەوەی سامان لای چەند کەسانێک نەبووە، خەڵکی تریش هەژارو برسی بووبێ. و جیاوازی چینایەتی نەبووە هەمووان ئازادو یەکسان بوون سیستەمی ئابوری سیستەمێکی ئابوری کۆمۆناری بووە. دەوڵەت وستەمکاری بوونی نەبووە. هەر بۆیە درۆیەکی گەورەیە گەر بووترێ کۆمۆنیزم ئایدیۆلۆژیایە بخرێتە ئاستی دین و خورافاتەکانی ترەوە. کۆمۆنیزم زانستە و سیستەمی ئابوری و کۆمەڵایەتی وسیاسییە و دەیەوێ گۆڕانی ڕیشەیی لە ژیانی مرۆڤی ئەم سەردەمەدا بکات و یەکسانی دابین بکات بۆ سەرجەم مرۆڤەکان. ئەم نوخبە وردە بۆرژوازیە بە چەندین ڕەنگ خۆی پیشان ئەدات وەک ناسیۆنالیست وڕاسیسیت و ڕەگەز پەرست و وەک لیبراڵ و وەک ڕەهەندی و جۆری تر. هەموو ئەمانە دەڵێن سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم ئیمکانی جێبەجێ بوونی نییە بۆ ئەوەی سەرمایەداری بپارێزن و بیهێڵنەوە. ئەمانە ئێستا لە چینی بۆرژاوزی فەرمانڕەوا زیاتر کۆسپ دەخەنە بەردەم بەدی هاتنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد یەکسان. ئەمانە خۆیان سەر بە ئایدیۆلۆژیا و فەلسەفەیەکن کە کۆمەڵگەی چینایەتی لە فەوتان دەپارێزن کەچی بە کۆمۆنیزم دەڵێن تەنها ئایدۆلۆژیایە و زانستی ڕزگاری مرۆڤ نییە....



# جەنگی سیاسی بە پەنابەران

نووسینی: بنار مستەفا

حکومەتی فینلاند بڕیاری داخستنی سنووری وڵاتەکەی بۆ ماوەی دوو هەفتە لەگەڵ ڕووسیا ڕاگەیاند. سەرچاوەی ئەم بڕیارەش لەوەوە دێت، کە لە ماوەی مانگی تشرینی دووەمدا، دەیان پەنابەر لە وڵاتانی عێراق، سووریا، یەمەن، سۆماڵ و هتد. بێ بەڵگەنامەی فەرمی گەشتکردن لە ڕێگەی ڕووسیاوە گەشتنە سەر سنووری فینلاند و داوای مافی پەنابەرێتیان کرد. حکومەتی فینلاند گومانی لەوە نییە، کە ڕووسیا ئامانجدارانە ئەم پەنابەرانە بۆ فینلاند دەنێرێت و تەنانەت کارئاسانیان بۆ دەکات، تا بگەنە سنوورەکانی فینلاند و داوای مافی پەنابەرێتی بکەن. ئەمەش بۆ بێزارکردنی فینلاند و کاریگەردانانە لەسەری بەهۆی ئەندامبوونی فینلاند لە هاوپەیمانێتی ناتۆ و هاوکاریکردنی ئوکرانیا.

جەنگی سیاسی ئەم دوو وڵاتە و ڕاستی و دروستی لێکدانەوەکان و بڕیارەکانیان بە جێگەی خۆی. ئەوەی کەمترین قسەی لەسەر دەکرێت، خودی ئەو پەنابەرانن، کە ئامانجیان گەیشتنە بە جێگەیەکی ئارام بۆ سەرەتاییترین مافی مرۆڤ، بۆ ژیانێکی ئازاد و شایستە بە مرۆڤ. کاتێکیش قسەیان لەسەر دەکرێت، زیاتر بە گومان و وەک بەشێکی ململانێ سیاسییەکان تەماشا دەکرێن.

سیاسەتی وڵاتانی زلهێز و ئەوروپا، دەیان ساڵە کارەساتی لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا و بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەنجام داوە. بەرپاکردنی جەنگ و ڕاوەستانی هەر دەوڵەتێکیان لە پشتی دەسەڵاتە سەرکوتکەرەکان و هاوپەیمانێتیان لەگەڵیان، ژیان و گوزەرانی خەڵکی بە ئەندازەیەک سەخت و دژوار کردووە، کە زۆر کەس ناچار بوون ماڵ و جێگەی ژیانی خۆیان جێ بهێڵن و وەک پەنابەر ڕوو لە ئەوروپا بکەن. سیاسەتی دژە مرۆیی و توندکردنی زیاتری دانی مافی پەنابەری، پەنابەرانی جارێکی تر کردۆتەوە قوربانی. لە دەیەی ڕابردووشدا، مەسەلەی پەنابەری بۆتە چەکێکی سیاسی وڵاتان، کە لە بەرانبەر یەک بەکاری دەهێنن. گوشاری پێ دروست دەکەن و ئیمتیازی پێ وەردەگرن. ئەردوغانی سەرۆکی تورکیا چەندین جار هەڕەشەی لە ئەوروپا کردووە، کە دەرگا لەسەر پەنابەران ئاوەڵا دەکات تا بگەنە ئەوروپا. چەندین مەرجی تورکیا لە لایەن ئەوروپاوە قەبوڵ کراوە، تا ڕێگە بە هاتنی پەنابەران بگرێت.

ئەم جارەیان پەنابەران و مەسەلەی پەنابەری بووە گەمەی سیاسی نێوان ڕووسیا و فینلاند. وڵاتانی ئەوروپا بە کردەوە سەلماندیان، کە زۆر ئاسان دەتوانن پێچەوانەی واژۆکانیان بڕیار بدەن و هەڵسوڕێن. ئامادەن پەنابەران بۆ چەندین جار بکەنە قوربانی و بۆ ململانێی سیاسی بەکاریان بهێنن. ئامادەن مافەکانی پەنابەری فەرامۆش بکەن.

ولاتانی ئەوروپا هەمیشە لە پەیوەند بە مەسەلەی پەنابەری هێندە توند نەبووە. لە دەسپێکی جەنگی ئوکرانیا، سەرجەم وڵاتان بە دروست دەرگایان بۆ پەنابەرانی ئوکرانیا کردەوە. بەڵام کاتێک قسە دێتە سەر پەنابەرانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، نەک هەر یاساکانی مافی پەنابەری لە بەرانبەریان توندتر دەکەنەوە، بەڵکو تا ئەو ئاستەش دەڕۆن، ڕێگە بگرن لە داواکردنی مافی پەنابەرێتی، نەک دانی ئەو مافە.

داواکردنی مافی پەنابەرێتی، یەکێکە لە خاڵە بەرجەستەکانی مافی مرۆڤ. زەوتکردنی ئەم مافە بە هەر هۆیەکەوە بێت، بە مانای پشترکردنە لە مافەکانی مرۆڤ. ئەم هەڵوێستەی وڵاتانی ئەوروپا لە بەرانبەر پەنابەران، پێویستی بە فشاری فراوان هەیە و دەبێت دەرفەتەکانی داواکردنی مافی پەنابەری هەمیشە فەراهەم بن. هەروەها نابێت چیتر پەنابەران بکرێنە ئامرازی ململانێی سیاسی ئەحزاب و وڵاتان...



## پرسی ژن ؟

بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و رێگەگرتن و
کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە
لەهەر ژمارەیەکیدا لە رێگای وتار، دیمانە، راپۆرت، بابەتی وەرگێردراو...
تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە رووی
ئەزموون و رێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە...

بەرپرسی گۆشە: هاوژین رەشید
haw1986zhin@gmail.com

# بۆچی ئاتەئیست و ئینسان دۆستم

نووسینی تەسلیمە نەسرین



من لە خێزانێکی موسوڵمان چاوم بەدنیا هەڵێنا، دایکم منی ناچار دەکرد هەموو رۆژێک قورعان بخوێنم... نوێژەکان لەکاتی خۆیدا بکەم و لە رەمەزاناندا، بەرۆژوو بم. لە دەورانی گەشەونمامدا، دایکم منی دەبرد بۆ لای "پیرە" پیاوێک، کەسەرۆکی گروپێکی مەزهەبی و جێگای رێز و متمانەی موسڵمانان بوو. ئەم "پیرە" پیاوە خاوەنی دارودەستەی تایبەتی خۆی بوو، باوەڕی بە جنۆکەو خورافات هەبوو. "پیر" رایگەیاندبوو ئەو ژنانەی لەبەردەم پیاواندا پێدەکەنن، یان لەماڵ دەچنە دەرەوە، لەلایەن جنۆکەوە بەکاردەهێنرێن. بۆیە ئەو بێرەحمانە ئەو ژنانەی کوتەک کاری دەکرد، تا گوایە جنۆکە لە گیانیان بێتەدەرەوە. ئەو وێنایەکی ترسناک ئامێزی لە جەهەنەم دەکرد، وەهەرکەسێک لەگەڵ ئەو دیداری بکردایە دەبوو پارەی پێبدات.

"پیر" لەلایەن چەند ژنی جوان و گەنجەوە دەورە درابوو کە لەشیان بۆ دەشیلاو بەدەم دواکاریەکانیەوە دەچوون. رۆژیک بە ئامادەبوونی راگەیاند کە قیامەت، رۆژی نابوود بوونی زەمین، بەزوویی دێت و پێویست نییە ژنان شوبکەن، ئەوان پێویستە ژیانیان فیدای اللّه بکەن.

من بەوهۆیەوە، کە "پیر" درندانە کوتەک کاری ژنانی دەکرد، تا جنۆکە لە گیانیان بێتە دەرەوە، وە لە وەسف و پیاهەڵدانەکانی بە قیامەت نەک ترساو هەر تۆقیبووم، بەڵام قیامت هەر نەهات.

"پیر" نەخۆشەکانی بەخوێندنەوەی قورعان و کوتەک کاری کردن "چارەسەر" دەکرد. ئەو ئاوی مقەدەسی هەبوو کە نەخۆشەکانی پێ شیفا دەدا، بەڵام نەخۆشەکان بە خواردنەوەی ئەو ئاوە نەخۆشتر دەبوون. دیارە ئەو ئاوەی بەمنیش دا، بەڵام من کاتێک چاکبوومەوە کە باوکم بە دەرمانی پزیشک منی چارەسەرکرد، من باوکم پزیشک بوو.

باوکم هانی دەدام خویندنی سکیولار (نائیسلام) هەبێت، من لەبارەی (بیگ باگ) گەشەو پیکهاتەی خۆرەوە خوێندم و فێربووم، لەبەر هەمان هۆ سەبارەت بەوەی خوا لە شەش رۆژدا تەواوی جیهانی دروستکردووە، دەربارەی داستانی ئادەم و حەوا و سوڕانەوەی خۆر بەدەوری زەویدا، وە ئەوەی کێوەکان وەکو بزمار بالأنسی زەویان راگرتووە و شتی تر... بەتەواوی

> **من خواو و بێرەحمی و ناپیرۆزیم قبوڵ نییە، من ویژدانی خۆمم هەیە کە باوەری پێبەخشیم کە لە کۆمەڵگەیەکی پشت ئەستور بەیەکسانی و عەقلانی پشتیوانی بکەم... دین سەرچاوەی فەناتیزم، رژاندنی خوێتی خەڵکی، کینە، راسیزم، ناکۆکی و جەنگە. تەنها ئینساندۆستی دەتوانێ ئینسانیەت بە ئینسان ببەخشێت و دنیایەکی مایەی ژیان کردن بەدی بێنێت...**

برواپوونم بە ئیسلام لەدەستدا. دایکم لەمنی دەویست، کەسەبارەت بەخوا پرسیار نەکەم و کوێرانە باوەری پێبهێنم. دواتر قورعانم خوێندەوە، دیارە دیراسەیەکی قوڵم کرد، بۆئەوەی لە تەواوی ماناکانی تێبگەم... بینیم قورعان بەتەواوەتی بی پایەو بی بنەمایە. قورعان کە بەملیۆنەها کەس باوەریان پێیەتی، لە کۆیلەتی و نایەکسانی نیوان ئینسانەکان و خەڵک، راشکاوانە بەرگری دەکات. ئەمە لەکاتێکدایە، لە وڵاتانی تردا یەکسانی ژن و پیاو بە وینەی مافێک بە فەرمی ناسراوەو مانگیش لەلایەن ئینسانەوە بەکاردەهێنرێت.

لە قورعاندا پیاو مافی هەیە چوار ژنی هەبێت، مافی تەڵاقی هەیە، دەتوانی لەگەڵ ژنانی کۆیلە سیکس بکات و ژنەکانی خۆیشی دارکاری بکات. لەبەرامبەردا ژنان دەبێت لەشیان داپۆشن، چونکە ئەوان تەنیا وەکو کاڵایەکی سیکسی و وەسیلەی لەزەتی پیاوان سەیر دەکرێن. ژنان بێبەشن لەمافی تەڵاق، میراتی یەکسان و شایەتی دان لەگەڵ پیاواندا. من تێگەیشتم کە اللە بۆ موسوڵمانان و نەفرەتکردن لە ناموسوڵمانەکان و کوشتنی هەڵگەراوەکان، لە ئیسلامدا حەڵاڵە.

من قورعانم خستە کەنارەوەو سەیری چواردەوری خۆمم کرد. من دینم لە ژیانی واقعی و رۆژانەی خۆمدا، بی ئەندازە ستەمکارانە بینیەوە. من تیگەیشتم کە نارەوایی و بێمافی سەرچاوەگرتوو لە دین، بەتایبەت لە وڵاتە موسوڵمانەکاندا، روو لەزیادبوونە.

بەهەست و ئاگایەک کە بەدەستم دەهێنا، تێدەگەیشتم کە دین پێکهێنراوییە، چونکە رێگری بیرکردنەوەی ئازادانەی ئینسان و هۆش و عەقڵیەتی ئەو دەبێت. باوکم منی فێری ئەوەکرد، کە بەهیچ شتێکی بێ هۆ بڕوا نەکەم. منیش هەر ئەوکارەم کرد. من نەمدەتوانی بەدین و خوا بڕوا بکەم، بۆیە بووم بە بێ خودا. لە کۆتایشدا قەڵەمەکەم هەڵگرت و دەستم کرد بە نووسین دژ بەدین و تەواوی خورافاتە مەزهەبیەکان. من دەستم دایە ئاشکراکردنی تاوانەکانی مەزهەب، بەتایبەتیش بێ رەوایی و ستەمێک کە بەرامبەر بە ژنان دەیکەن. من بینیم چون ئیسلامیەکان وەکو ئاژەڵ یان کویلەی چەرخە کۆنەکان لەگەڵ ژناندا رەفتار دەکەن. من دەربارەی هەموو ئەوانە نووسیم و هەر بەوهۆیەوە روبەرووی هێرش و پەلاماری فیزیکی و زمانی پیسی مەزهەبیەکان بوومەوە. ئەوان چەندین جار لە دادگا سکاڵایان لەسەر تۆمارکردم. منیان بەهەڵگەراوە لە دین لەقەڵەم داو چەندین خۆپیشاندانیان لەدژم وەرێخست و مەراسیمی هەڵواسین و لەدار دانی منیان نمایش کرد. ئەوان چونە سەر نوسینگەی ئەو رۆژنامەیەی من ستونێکم تیایدا دەنووسی، تیک و پیکیان داو دژی سەرنووسەر و بڵاوکراوەکە لەدادگا سکاڵایان تۆمار کرد. تورەیی کەسانی مەزهەبی لەدژم هێندە زۆر بوو، بەناچار وڵاتم جێهێشت.

من لەیەکێک لە هەژارترین وڵاتانی جهیاندا ژیانم دەکرد. من بینیم چۆن مەزهەب ستایشی هەژاری دەکرد و بە سەریدا هەڵیدەدا، چۆن خەڵکانی هەژار دەچەوسێنرانەوە. دەڵین هەژاری بۆ سەر زەوی نێردراوە، تا بەژیانی پر لە بەدبەختی و دواکەوتووی خۆیان باوەر بەخوا بهێنن. من هیچ خوێندنێکی مەزهەبیم نەدی کە خوازیاری چارەسەری هەژاری بێت، بەڵکو دەوڵەمەندان راسپێردروان بە بەخشینی پارە بە هەژاران بە شێوەی دایکە تریزا، خوا رازی بکات. هەژار دەبێت هەژارو بەدبەخت بمێنێتەوەو هەلپەرستان بەکەڵک وەرگرتن لەوان بلیتی بەهەشت ئامادەبکەن.

من ئیسلام و ئیسلامی بونیادگەرا "ئیسلامی سیاسی" بەیەک ئەندازە دەخەمە بەر رەخنە. من جیاوازی لە نیوانیاندا نابینم. من دین وەک ریشەو سەرچاوەیەک دەبینم کە بنیادگەرایی بەناونیشانی پێشەنگێکی خۆیان ژەهری لێ هەڵدەمژن. ئەگەر ئێمە بونیادگەرایی بخەینەکەنارەوە، بەڵام دین بهێڵینەوە رۆژێکی تر جۆرێکی تر لە بونیادگەرایی گەشەدەکات و پەیدادەبێت. بەپێچەوانەی هەندێک لە رۆشنبیرانی لیبرال کە بەرگری لە ئیسلام دەکەن و گوناحەکە دەخەنە ئەستۆی بونیادگەراکانەوە، بە بڕوای من ئەوە ئیسلامە کەستەم لەژنان دەکات، ئەوە هەر ئیسلامیشە کە دژی دیموکراسی و مافی ئینسانە.

من خواو و بێرەحمی و ناپیرۆزیم قبوڵ نییە، من ویژدانی خۆمم هەیە کە باوەری پێبەخشیم کە لە کۆمەڵگەیەکی پشت ئەستور بەیەکسانی و عەقلانی پشتیوانی بکەم... دین سەرچاوەی فەناتیزم، رژاندنی خوێنی خەڵکی، کینە، راسیزم، ناکۆکی و جەنگە. تەنها ئینساندۆستی دەتوانێ ئینسانیەت بە ئینسان ببەخشێت و دنیایەکی مایەی ژیان کردن بەدی بێنێت.


من بێخودام، باوەرم بە بەنوێژ و دوعا، نییە. من باوەرم بەکار هەیە. کاری منیش کارێکە کە بەناونیشانی نووسەرێک دەیکەم... چەکی من قەڵەمەکەمە....

> **خودی ستەمکێشیی و پلەدوویی ژنان لە داهێنانی نیزامی سەرمایەداری نییە. بەڵام سەرمایەداری ئەم میراتە نەفرەتهێنەرەی مێژووی لەوەپێشی پەرەپێداوە و کردوویەتیە یەکێك لە کۆڵەکەکانی پەیوەندیە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی ئەم سەردەمە. رەگ و ریشەی نایەکسانی و بێمافیەکانی ئەمرۆی ژنان، ناگەڕێتەوە بۆ بیروباوەڕی کۆن و میراتی فیکری و کەلتووریی نیزام و کۆمەڵگە کۆن و لەناوچووەکان و پەیامبەران و دیانەتەکانی سەردەمی جاهیلیەت، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگەی سەرمایەداری پیشەسازی و مۆدێرنی ئەمرۆ ...**

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

**گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێڕان، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...**

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای رەسام، ڕیبوار حەمە شەریف



## گۆشەی ئەدەب وهونەر دەپرسێت:

### ڕێبوار حەمە شەریف ئەکتەرو دەرهێنەر، دەرچووی زانکۆی بەغدا لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان، سەبارەت بە فیلمی ساڵی ١٩٨٨، وەڵام دەداتەوە...

**گۆشەی ئەدەب وهونەر دەپرسێت:**

فیلمی ساڵی ٨٨ ئایا ئیمە بە جورئەتەوە دەتوانین وەک بینەرێکی... بەویژدان فیلمی ١٩٨٨ هەڵبسەنگێنین؟ یا وەک ڕەخنەگرێک یا کەسانێکی وردتر با وا بڵێم کە تایبەتمەندبن بە نووسینی دراماو سیناریستێک کە بەتوانابن و وە دەست بخەنە سەرهەموو ئەو کەم و کورتیانەی کە فیلمی ١٩٨٨ تێدا بەرهەمهاتووە، وە ببینن و بۆمان ڕوون بکەنەوە تاچەندە گوزارشت لەو تاوانە کە بۆخۆی وەک جینۆسایدکردنە لەو مێژووەی ١٦/٣/١٩٨٨ دابووە، ئەو ڕۆژە کە وەک جەهەنمێک لە حەقیقەتدا بووە، وە لەو تاوانکاریەدا دەبێت، چیتر ڕوویدا بێت؟

ڕیبوار حەمە شەریف: ڕەنگە پرسیارەکە دورو دێژبێت، بەڵام بۆ وەڵام دانەوەی، بە دڵنیاییەوە نەخێر!

لە کاتێکدا نە سەر وتاری فیلمەکە دەبەسترێتەوە بە مێژووی ڕووداوەکەوە، وە نە تاوانی ناو ڕووداوەکەو نە ئەو هەموو چیرۆکانەی کە لەو ڕۆژەدا کەم تا زۆر پەیوەستن بە یەکتریەوە.

وتمان: مێژوو شەرم لە کەس ناکات و هەر ڕووداوێک گەر لە واقیعدا بووبێت دەبێت بە ڕاستگۆیانەوە بنووسرێتەوە، جا گەر کار گەشتە سەر ئەوەش ئەو ڕووداوە مێژووییە وە فیلمێکی دیکومێنتاری بخرێتە بە دیدگای هەزاران بینەرو و بەر ڕەخنەی کەسانێک کە خودی خۆیان لەو ڕووداوەدا بەشداری چرکە ساتی ناو ڕووداوەکان بووبن، ئەوسا، دەبێت نووسەر یان سیناریست چ وەڵامێکی دەبێت؟ خۆ ناکرێ ئەو هەقیقەتە ژێر بەڕە بخات و پێچەوانەی باکە شەن بکات.

ئەوەی لە فیلمی ١٩٨٨ دا ئەبینرێ هیچ پەیوەندیەک و پەیوەستیش نییە بە ١٩٨٨ ١٦/٣ و تاوانەکەوە کە لەو مێژووەدا لە هەڵەبجەدا ڕوویداوە، بە بەڵگەی زۆر و تاوانی زۆرترش لەوە ئەنجام دراوە کە بەو شێوەو بەو سادەیی و کرچ و کاڵییە، هێناویانەتە بەرهەمهێنان. وەک سەرەتا باسمکرد جگە لە کاری بازرگانی و بچوکردنەوە دۆسیەی تاوانی هەڵەبجە هیچی تر نییە.

**دراما یان (تاوان و جینۆساید) یان ڕووداو:**

دەکرێ هەر فیلم سازێک بۆ نووسینەوەی سیناریست پەنا بۆ بەڵگە و ڕاستییەکان یان خەیاڵیەکان ببات، تاکو بەشێوەیەک بتوانێت کار ئاسانی بۆ دەرهێنەرەکە ئاسان بکات لە ڕووی دەرهێنانەوە، لە ڕووی هەڵبژاردەی ئەکتەرو دیمەنەکان و زەمەنی ناو ڕووداوەکان و هەڵبژاردەی سیمای ئەو کارئەکتەرانەوە کە لەو ڕووداوەدا بوونەتە سوتوی بەشێکی گەورە لە ناو ڕووداوەکەدا، تا چاوی بینەر و خوێندنەوەی بگوازێتەوە بۆ ناو ئەو سات و چرکەیە کە کارەساتەکەی تێدا ڕوویداوە.

**دراما:**

واتای ڕووداو، جا ڕووداوەکە خەیاڵییە یان زەمەنێکی کورتی بەسەردا تێپەڕیوە

لە ناو بۆچونە دراماکاندا جیاوازی نووسینەوەش دەبێت بکرێت.

درامای بازرگانی و درامای سۆزداری و درامای ئاکشن و درامای کۆمەڵایەتی و تا هتد...

بەڵام، ئایا ئەو دراماو فیلمەی ١٩٨٨ چ جۆرێکە لە دراما و نوسینی سیناریست؟ ئایا توانیویەتی فیلمێک بەرهەمبهێنێ کە جورئەتی ئەوە بکا ١٦/٣/١٩٨٨ نزیک بکاتەوە وەک فیلمێک نمایش بکرێ، وەک کۆمەڵکوژی و تاڵانکاری نیشان بدات؟، ئەی گەر وایە بۆچی ڕووداو چرکە ساتەکانی وەک خۆی نیشان نەداوە لە کاتێکدا ١٦/٣/١٩٨٨ و هەموو ئەو دیکومێنت و فیلم بەردارانە کە بە واقعی فیلم بەرداریان لەسەر تۆمار کردووە بۆ چەند دیمەنێکی نیشان نەدراوە .

بەداخەوە نە دەرهێنەرو نە سیناریست وەک ئەرکی مێژووی و ئەخلاقی نە توانیویانەو نە دەتوانن ئەم ئەرکە مێژووییە وەک خۆی باس بکەن و لەو فیلمەدا ڕۆڵەکان و ئەرکە کارئەکتەرەکان، وەک خۆیان بێننەوە بەرچاوی خەڵکی ئەو شارە و جیهان و دنیای بینەر تا ئەو تاوانە مێژووییە کە وەک فیلمێک لە واقیعدا بووە، وە نەوەکان بە ئاگابێنیەوە لەمێژووی خویان و نەتەوەکەیان پێش کەمتر لە نیوە سەدەیەک چی بەسەر گەلەکەیاندا هاتووە .

نۆڤەمبەری ٢٧/٢٠٢٣

بۆ ( ژمارەی داهاتوو )

ئەو ئەرکانەی کە فیلم و سیناریست و دەرهێنەر دەبوو چیان بکردایە تاکو ئەو مێژووە بەو شێوەیە نەشێوێنرێت و شارێکی جینوسایدکراو وەها بچکۆلە نەکرێتەوە لە بەردەم چاوی هەموو جیهاندا ، بە بڕوای من ئەوەش تاوانێکی ترو بە جینوسایدکردنی هەڵەبجە بۆ جارێکی تر لە سەر دەستی کۆمەڵێک بازرگان و شاردنەوەی ڕاستیەکان. چاوەڕوان بن...



# هونەر بۆ لە ژیانماندا گرینگە؟

## کاوان قادر

لە گرتە ڤیدیۆیەکی یادی ٢٣٩ ساڵەی شاری سلێمانیدا کۆمەڵێک چالاکیم بەو بۆنەیەوە بەرچاوکەوت، کە لەناویاندا ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام کۆمەڵێک کاری پەیکەرسازی بوو کە بەگشتی پۆرترێت بوون، ئەگەر ئەوە پێوانە و ئاست و توانایی هونەر بێت، بەڕاستی هەستم بە کوێرەوەری هونەر دەکرد، بە تایبەتی پەیکەرسازی، ئاخۆ ئەمە ئاستی هونەری پەیکەرسازی بێت؟ کە من دڵنیام هونەرمەندی زۆر بەتوانای تیا بێت، بەڵام کوان لە کوێن؟ ئایا ساحەی هونەری لە لایەن چەند کۆیلەیەکی حزبی و هونەرمەندی متقاعیدەوە قۆرخ کراوە و مەیدانەکە بۆ کەسانی گەنج ودەستڕەنگین جێ ناهێڵن؟ هەرکەس سەردانی فرۆگنەر پارکی وڵاتی نەرویج بکات کە نزیکەی ٢٠٠ پەیکەری تیایە و مێژووی ئەو وڵاتەی بە هەموو نەبەردییەکانییەوە تەنها لەو پارکەدا فێر دەبیت، بەڵام لە بۆنەی ئەم شارەدا کە ناویان ناوە شاری ڕۆشنبیری تاقە پەیکەرێک نەکراوە سیمبوڵی ئەو شارە بێت.

باس لە ڕەگ و ڕیشەی ئاست نزمی هونەری پەیکەرسازی هەڵدەگرم بۆ کاتێکی تر. هەرچەندە پەیکەرەکان خۆیان ئەوە دەسەلمێنن، پێشم وایە هەرکارێکی هونەری جوان یان ناشیرین ڕەنگدانەوەی ناخی هونەرمەندەکە خۆیەتی، ئەوە دەسەلمێنێت کە چەندە پەروەردەی هونەری کراوە.

باسەکەم ئەوەیە ئەگەر قەرار بێت هونەر ئەو تیشکی ڕۆژە بێت ڕووناکی بخاتە سەر گۆشە و کەناری ئەو کۆمەڵگەیە، کێشەکان شەفاف بکاتەوە بۆ بینین ناتوانین حاشا لە کاریگەری هونەر بکەین کە چەندە کاریگەری لەسەری وەرچەرخانی کلتوری ئێمە دەبێت. لە مێژوودا ئەمە سەلمێندراوە کە هونەر وەک سەرخانێکی ئەو کۆمەڵگەیە ڕۆڵی کاریگەریی لە وەرچەرخان لەسەر سیاسەت، ئابوری، مەزهەب و گەشەی کۆمەڵایەتی دانەنابێت، ڕێنسانس ئەوەی سەلماند، کە بەشۆڕشی کلتوری و مۆدێرنکردنی کۆمەڵگە ناودەبرێت، بەڵام لای ئێمە نەک ئەو شۆڕشە لە ئەجەندەیا نی یە، بەڵکو هونەرو ئەدەب هەرزانترین کاڵایە لە بازاڕدا.

نەک هەر پێشرەوایەتییەک نانوێنن، بگرە لە مەشخەڵێکی کڵپەسەندنی شۆڕشەوە شۆڕبونەتەوە بۆ ئاستی کۆیلایەتی حزبی، وخۆیان بە بچووکتر لەهەر چەقۆکێشێک و لۆمپنێکی دەسەڵات دەزانن. ئەگەر بەراوردی هونەری هەشتاکان بکەیت لەگەڵ ئەمڕۆدا کە لەو ڕۆژە سەختانەدا لە ژێر هەموو زەبرو زەنگێکی بەعسدا خەڵک هونەرمەندانیان وەک شۆڕشگێڕ ڕێز لێ دەگرت، هونەرمەند بوون جێگەی ئیفتیخار بوو. حزبی بەعس هێندەی لە هونەرمەندان ئەترسا لە چەک بەدەستەکانی شاخ نە ئەترسا. هیچ سیاسییەک نییە لە جیهاندا لە نوکی تیژی ڕەخنەی قەڵەم بەدەستە بە هەڵوێستەکان نەترسێت، هەوڵ دەدەن وێنەیان لەگەڵ بگرن دەستەمۆیان بکەن تا لە غەزەبی ڕەخنەکانیان خۆیان بپارێزن. حزبی بەعس لە یەکەم ڕۆژی دەسەڵاتگرتنی خۆیدا کەوتە ڕاوکردنی موخالیفانی خۆیی و قەڵەم بەدەستەکان وئیعدام کردنیان.

بەڵام لای ئێمە شەخسییەتێکی فاشیلی وەک فازل میرانی بێ شەرمانە لە میدیاکانەوە بڵێت:"بەیانی نییە کۆمەڵێک سواڵکەری قەلەم بەدەست بەردەرگاکەمان نەگرن و نەگرین بۆ پارە" ئەم دەم پیسییە تێپەڕئەبێت بەسەرمانا و هونەرمەندو نوسەرەکانیشمان بە ئاقڵی دانیشتوون و بێدەنگی هەڵئەبژێرن، واتە ورەوایەتی بەم ڕشاننەوەیە ئەدەن، کوان ئەوانەی دەستیان ئەکرد بە قوڕگی شێرا؟ ئایا بە تەنها حزبی بەعس ستەم کار بوو، ئایا بڕینی قوتی خەڵکی و دزی کردن و تیرۆر و ژن کوژی وشەڕی ناوخۆیی و هەزاران تاوانی تر ستەم لێکردن نییە؟ بە نیازین هونەر بۆ کام تەنگانەیە هەڵگرین ؟

لەلایەکی ترەوە بە بینینی ئەوپەیکەرانە لەوەش دڵنیا ئەبیتەوە کە بۆچی ژیانی ئینسانەکانی ئەو جوگرافیایە لەو سەهۆڵبەندانی دواکەوتوویە ڕزگاری نابێت، پاش ٢٣٩ ساڵ لە تەمەنی شارێک، شاری بەناو ڕۆشنبیریی، تیایدا هونەرمەندان نەیانتوانیوە پێشڕەوی نە لە بواری جەمالییەتی ئەو شارەدا بگێڕن، نە ببنە غیرەتێ لەپاڵ برسێتی وبێ مافی خەڵکدا، وە نە توانیویانە مێژووی قوربانیانی ئەو شارە لە ڕۆژەکەی خۆیدا بگێڕنەوە. کەواتە شارێک نەیتوانیبێت چوار هونەرمەند بۆ ئەمە پەروەردە بکات، یادی شارچێتی چی ئەکەینەوە، کوا بەمە دەوترێت شاری ڕۆشنبیریی.


ئەم بۆنەیە هەموو ئەو برینانەی کولاندمەوە کە ساڵەهایە کۆمەڵێک هونەرمەندی دەستکۆڵ، کوردستانیان کردوە بە گۆڕستانی پەیکەر. شەرم دات ئەگرێت کە پەیکەری ئەنفال ئەبینیت، بە واتایەکی تر بڵێم جینۆسایدی ئەو هەموو ئینسانە ئەنفالکراوە بەدروستکردنی ئەو پەیکەرە ڕەق و تەقە بێ گیانە بێ ئیحساسە بێ جەمالییەتە کە هیچ مۆڕاڵێکی هونەری شمولی ناکات، ئەمجارەیان زیندووەکانیشیان ئەنفال دەکرێنەوە. واز لە هەڵەبجە بێنە.

لە کلتوری ئێمەدا ئەبێت وەزیفەی هونەر پشت ڕاستبکرێتەوە. حزبەکانی دەسەڵات و ئەوانەی هونەرمەندی بن دیواریان لەخۆیان کۆکردۆتەوە لەجوانی ئەترسن، بۆیە بەرگەی هونەرمەندی ڕاستگۆ ناگرن، بەرگەی وشەی حەق ناگرن و تیرۆریان دەکەن، بەرگەی داهێنان ناگرن. ئەوە داهێنانە کە ئەمانکاتەوە بەڕووی پێشکەوتن و ڕیفاهییەتەکان و کۆمەڵگەکەمان دەباتە

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای رەسام، ڕیبوار حەمە شەریف



# فیلمی ٨٨ فیلمی بچووکردنەوەی هەڵبجە...

## نووسینی:نەجم محەمەد

### بەشی یەکەم




**عەقڵ ناتوانێ هیچ دیاردەیەک بەبێ ڕەخنە تێپەڕێنێ (کانت)**

دوای بینینی فیلمی ٨٨ وەک هاوڵاتیەکی خەڵکی هەڵبجەو وەک هونەرمەندێک کەخۆم شایەت حاڵی ئەوجینۆسایدە گەورەیەم و لەکاتی ڕوودانیدا لەناو ئەودۆزەخەدا بووم وژیاوم و لەلێواری مەرگ و لەهەناوی مەرگا گەڕاومەتەوە سات بەساتی مێژووی ئەوجینۆسایدەم لەیادو لەبەرە، پێش ڕوودانی و لەکاتی ڕوودانی و دوای ڕوودانی لەهەموو ساتەکاندا لە هەڵەبجەدا بووم و لەنزیکەوە لەناو ڕوداوەکاندابووم ولێی ئاگادارم .

هەربۆیە لەسەر سیناریۆو ناوەڕۆکی فیلمەکە کە بەناوی ٨٨ وەیە واتە جینۆسایدی هەڵەبجە کۆمەڵێ سەرنج و ڕەخنەم لادروست بوو بۆیە بەگرنگ وپێویستی دەزانم کە لێرەدا بەیانی بکەم .

سەرەتا من قسەم لەسەر وینەگرتن و لۆکەیشن و تەکنیک وکوالیتی فلیمەکە نییە، کەلەئاستێکی باشدایە هەروەها قسەم لەسەر نواندن و تواناو ئەدای ئەکتەرەکان نییە کەباش ڕۆڵیان بینیوە. هەروەها ئەرک وماندووبوونی ستافی فیلمەکە دەنرخێنم من بەچاوی ستایش و گریان وموجامەلەو عاتیفەوە سەیری ئەوفلیمە ناکەم، بەڵکو بەچاوی عەقڵ و لۆژیک و ڕەخنەوسەرنجی دروستکەرەوە دەڕوانمە ئەم فلیمە .

قسەکانی من زیاتر لەسەر سیناریۆو ناوەرۆک و مێژووی جینۆسایدی هەڵەبجەیە. دروستتر لەسەر کیمیابارانکردنی هەڵەبجەیە کەفلیمەکە هەڵگری ئەونازناوەیە ئەومێژوە دەگێڕێتەوە.

یەکێک لەسەرەکیترین ڕەخنەکانم ئەوەیە کە گەورەترین هەڵە ئەوەیە فیلمەکە ناوی ٨٨ ی لێنراوە، چونکە قورسەو گرانە و سەختە کارکردن لەسەر جینۆساید جا چ هەڵەبجە بێت یان ئەنفال، ناتوانی بەفیلم گەورەیی ئەوجینۆسایدە وهەموو ڕووداوە مێژوویەکانی وەک خۆی و بە قەبارەی خۆی پیشان بدەی، تۆ بەفیلم ئەوجینۆسایدە بچووک دەکەیتەوە. جینۆسایدی هەڵەبجە خۆی لەخۆی دا گەورەیە لەڕیگەی وێنە و ڤیدیۆ دیکۆمینتاریەکانیەوە گەورەیی خۆی نمایش کردوە. بۆ نموونە وێنەکەی عومەری خاوەر وکۆرپەکەی گەورەیی وسەختی وتاڵی ئەوجینۆسایدەمان بۆنمایش دەکات. وێنەکە خۆی لەواقیعدا هەیە ئیتر چ پێویست دەکات بەفیلم کۆپیەکی نواندنی بکەینەوە. هەڵەبجە خۆی گەورەیە ئەوە ئێمەین بە فیلم شیعرو چیرۆک وسروود و وێنەی شێوەکاری وهتد بچووکی دەکەینەوە.

من پێم وایە کیمیابارانی هەڵەبجە خۆی لەخۆیا گەورەیە پێویست بەوە ناکات، بکریتە فیلم وبچووک بکرێتەوە .

دوای ئەوە ئیسرائیلیەکان یەهودییەکان بەوهەموو تواناو ئیمکاناتەوە تائێستا هۆلۆکۆستیان نەکردوەتە فیلم یان یابانیەکان بەوهەموو تواناو تەکنەلۆجیایەوە هێرۆشیماو ناکازاکیان نەکردۆتە فیلم، هەروەها ئەرمەنیەکانیش قەتڵ وعامی ئەرمەنیەکانیان نەکردۆتە فیلم بۆ؟! خۆدەتوانن بیکەن، بەڵام نایکەن دەزانن بچووکی دەکەنەوە ئەوان کاری گەورەتریان کردوە جینۆسایدەکەیان بەجیهانی کردوە وناساندوە، ئەمە کارە گەورەو ڕاستەکەیە، نەک فیلم ئێمە تائێستاش دوای ٣٥ ساڵ هێشتا نەتوانراوە، ڕۆژی٣/١٦ تەنانەت بکرێتە پشووی فەرمی چ جای بەجیهانی بناسرێت.

دەکرا ئەو فیلمە ناوی ٨٨ ی لێ نەنرایە، بەڵکو دەبوو ناوێکی تری لێبنرایە بۆنموونە (ئەوینێ لە کیمیاباراندا) کە بەڕاستی فۆکس وناوەڕۆکی ئەم فیلمی ٨٨ سەرەتاکەی بە ئەوینی کچە خوێندکارێک و کورە پێشمەرگەیەک دەست پێدەکات و هەر بەنامەیەکی ئەوینی ئەوکیژو کوڕە فیلمەکەش کۆتایی دێت. هەر بۆیە واباشتربوو چیرۆکی ئەو ئەوینە ببوایەتە ناونیشانی فیلمەکە، نەک ٨٨ یان هەر ناونیشانێکی ترو چیرۆکێکی تری تایبەت کەلەو فیلمەدا هەیە یان جینۆسایدی هەڵەبجە لەهەناوی خۆیدا سەدان چیرۆکی تاڵ وئینسانی لەخۆگرتوە دەتوانرێ سوودی لێوەرگرێ بۆ سەدان فیلم بەناوی جیا جیاوە، نەک ناوی ٨٨ و٣/١٦ .

ڕۆمان نوسی گەورەی ئەمەریکای لاتین (مارکیز) دەیزانی کە ناتوانێ و دەرەقەتی ئەوە نایە کە پەتای نەخۆشی کۆلێرا بکاتە ڕۆمان، دێت ڕۆمانی (خۆشەویستی لەزەمەنی کۆلێرادا) دەنوسێ، کەیەکێکە لە ڕۆمانە ناوازەکانی جیهان. من پێم وایە ئەگەر ڕۆمانەکەی لەسەر خودی پەتای کۆلێرا بەڕووتی بنوسیایە ئەوا ئەو دەنگدانەوەی نەدەبوو.

بۆیە لەم فیلمی ٨٨ دا نوسەرو دەرهێنەری ئەم فیلمە نەیتوانیوە دەرەقەتی ئەوجینۆسایدە گەورەیە بێت، تەنها کۆپی وێنەو دوکەڵ و تاقە قیناعێک و تەق وتۆقی تیا نمایشکردوە، ئەمەش بەمانای قوڵ وجەوهەری وتراژیدیای جینۆسایدەکە نایەت، تەنانەت کیمیابارانکردنی شارەکە لەم فیلمەدا غامزو نادیارە، ئاماژەیەکی ڕوون نییە لەو ڕووەوە تۆکە فیلمێک لەسەر مێژووی ٨٨ دەکەیت دەبێت ئەومێژوە وەک خۆی بگێڕیتەوە و دەسکاری نەکەیت. هەر بۆیە من بڕوای تەواوم ئەوەیە گەورەترین هەڵە ئەوەیە کە فیلم لەسەر مێژووی ڕوودانی جینۆسایدێک بکەی بەو هەموو گەورەیی ورەهەندە قوڵ وتراژیدیەیەوە.

ڕەخنەیەکی ترم لەسەر ئەم فیلمە ئەوەیە کە گێڕانەوەی مێژووی ڕووداوەکان هەڵەی تێدایە بۆنموونە لە کیمیابارانی هەڵەبجەدا یەک پێشمەرگە یەک پاسدار بە کیمیای گیانی لەدەست نەداو بەرکیمیایی نەکەوتوە، بەڵام لەم فیلمەدا پاڵەوانی سەرەکی فیلمەکە کە پێشمەرگەیەکی عاشقە بەرکیمیایی دەکەوێت و گیان لەدەست دەدات کەشتی وا ڕووی نەداوە لەهەڵەبجەدا.

نموونەیەکی تر لەکاتی ئازادکردنی هەڵەبجەدا یەک سیخورو ئەمن وئستیخبارات چ لەلایەن پێشمەرگەوە چ لەلایەن پاسدارەوە نەگیران وگوللەباران نەکران، کەچی لەم فیلمەدا پاسدارەکان چەند سیخورو ئەمن و ئیستیخباراتێک گوللەباران دەکەن، کەشتی وا لەهەڵەبجەدا ڕووی نەداوە. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە هەرچی ئەمن وئیستیخبارات وسیخورە بەکاروانێکی ئۆتۆمۆبێل پێش تەقاندنەوەی پردی زەڵم موعەزەزو موکەڕەم لەلایەن پێشمەرگەوە بەڕێ کران بەرە و سنوری دەسەڵاتی حکومەتی بەعس، دەبوو بەپێچەوانەوە ئەمەیان نمایش بکرایە.

یەکێک لەو تاوان و دیاردە زەقەی ناوکیمیابارانی هەڵەبجە دزی وتاڵانی و ڕێگرتنە لە خەڵکی هەڵەبجە بۆدەرچوون لەشار لەلایەن پێشمەرگەوە کەلەم فیلمەدا نمایش نەکراوە.

چۆن نمایشی پاسدار کرا لەگرتنی شاری هەڵەبجەدا، دەبوو ئاواش ئەم دیاردە و تاوانە دزێوانەی پێشمەرگەش نمایش بکرایە. ئەمە مێژووە و دیکۆمێنتە، سازش و خاتروختوری تیا نییە. جا ئیتر پاسدار بێ یان پێشمەرگە، هەربۆیە کارکردن لەمێژووی جینۆسایددا توشی ئەوهەڵەو ڕەخنانەت دەکات، ئەمە چیرۆکێکی عاتفی نییە دەسکاری و ئیزافەی بۆ بکەی لەپێناو فەنتازیاو ئیستاتیکی هونەری فیلمەکەدا، ئەمە مێژووە دیکۆمێنتیە دەسکاری وئیزافە هەڵناگرێ.

ڕەخنەیەکی ترم لەم فیلمە لەسەر نمایشی وێنەیەکی فۆتۆگرافیە. لەکۆتایی فیلمەکەدا کەوێنەی منداڵێکی کچە کەمنداڵێکی بچووکی بەکۆڵەوەیەو لەپشتیەوە دوکەڵ وئاگری تەقینەوەی بۆمێک دەردەکەوێ من پێشتر لەسەر ئەو وێنەیە بابەتێکم نوسیوە، ڕاستیەکەی ئەم وێنەیە وێنەیەکی کۆلاجکراوی دەسکاری کراوە واتە وێنەکە دوو وێنەی جیاوازی دوو سەردەمی جیاوازە و تێکەڵکراوە. وینەی یەکەم کەباکگراوندی وێنەکەیە وێنەی دوکەڵ وئاگری تەقینەوەی بۆمبێکە لەشاری هەڵەبجە لەساڵی ١٩٨٨ ، وێنەی دوومنداڵەکەش وێنەی کۆڕەوەکەی ١٩٩١ ناوبازاڕی شاری سەیدسادقە ئەمەش هەڵەیەکی ترە لەوفیلمەدا نمایش کراوە. ئەو وێنەیە لەخزمەت جینۆسایدی هەڵەبجەدا نییە. وینەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە هەمووی ڕەهەندی قوڵ وتراژیدی وگەورەیی جینۆسایدەکەیان لەخۆ گرتوە ئیتر پێویست بەدروستکردنی وینەی هونەری کۆلاجکراوی دروستکراو ناکات.

**ماویەتی...**

پێشەوە، ئاخر ئەوە دەسەڵاتە لە هەژاری بیرکردنەوەی ئێمە سودمەند دەبن.

گرینگ نییە چەند خۆمان بە پێشکەتوو بزانین، پرسیارەکە ئەوەیە کەلتوورەکەمان و هونەرەکەمان لە کوێی شارستانی جیهاندا وەستاوە؟ چەند دەوری گێڕاوە لە ڕەوینەوەی خورافەکاندا؟ گرینگ نییە چەند قوتابخانە وپەیمانگە وئەکادیمیا وکۆلێجمان هەیە. هەموو ئەم دەزگا و مەدرەسە هونەرییانە تەنها قوتابیەکانیان فێری ڕەنگ تێکەڵ کردن و قوڕکاری دەکەن، ئەگەر مەدرەسە هونەرییەکان لایتێک بن بۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕێگەی هونەر، کەواتە لایت هەڵگرەکانی هونەر نەیانتوانیوە وەڵامدەرەوە بن بە پێگەیاندنی ئاستی هونەری. بەداخەوە من ئەو مۆتیڤەیت و دافیعە بۆ پێگەیشتنی هونەرمەندی بە توانا نابینم دەرهەق بە پێویستی قۆناغە. کەبە کورتی ئەو هەل ومەرجە هونەرمەندی تیا پەروەردە ناکرێت. هونەرمەند پێگەیاندن؛ واتە پێگەیاندنی ئیستاتیکایە لە زەین وبیرکردنەوەی قوتابییەکاندا فێربکرێن دەستیان نەلەرزێ، فێربکرێن کە هونەر توانای ئەوەی هەیە ئەو شێوازە بگۆڕێت کە ئێمە جیهانی پێ دەبینین، ئێمە بەئاگا دەهێنێتەوە بۆ ڕوانگە و بیرۆکە و بەها نوێکان. لەوانەیە لە کاتی خۆیدا بیر لە ڕابردوومان بکاتەوە بۆ ئەوەی زیاتر بەرەو داهاتوومان ببات. هونەر دەتوانێت هۆشیاری بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان بهێنێت و هەستی قبوڵکردن بەهێز بکات. شتێک هەیە بە ناوی شۆڕشەوە بە ناوی گۆڕینەوە، شۆڕش بەسەر کۆندا.

هونەرمەند بەبێ ئەو شۆڕشە دەبێتە هونەرمەندێکی بێ داهێنەر واتە مردوو. هونەرمەندی بێ ئیستاتیکا و بێ ڕۆشنبیریی و بیرکردنەوە واتە خاڵی لە هەموو لێپرسراویەتیەک. ئەمە ئەسڵی ئەو سیحرەیە لە هونەردا. بۆیە دووبارە دەڵێم هونەر دەبێت بسەلمێندرێت و وەزیفەکەی پشت ڕاست بکرێتەوە لە سێ ڕستەدا؛ دەسەڵات دەبێ دەستکۆتا بکرێت لە بۆیاخ کردنی حزبەکەی خۆی بە هونەرمەند. هونەرمەند و قەڵەم بەدەستەکان ئازاد نەکرێن ئەو کۆمەڵگەیە نەخۆشە. هیچ ئازادییەکیش بەدەست نایەت ئەگەر نان ئازاد نەبێت.

*****



# شانە حیزبییەکان و ئاکسیۆنە کرێکارییەکان

## ٣/پێداویستییە گشتی و سیاسییەکانی ڕاکێشانی ئاژیتاتۆرە کرێکارییەکان

## بەشی هەشتەم

لەوانەی کە تا ئێستا باسمان کرد ڕۆشنە، کە مەسەلەی ڕاکێشانی ئاژیتاتۆرە کرێکارییەکان، یانی ڕابەرانی خاوەن نفوز وە یان لە حاڵی شکڵگرتنی کرێکاران لەسەر ئاستی کارگە و گەڕەک، ناتوانرێت بهێنرێتە خوارەوە بۆ ئاستی یەک میکانیزمی سادەی ئەندامگیری. باس لەسەر یەک ڕووتێکردنی جدییە لە لایەن ئێمەوە بۆ ئەم مەیدانەی هەڵسووڕان و بە هەمان شێوە هێنانەدی جوڵانەوەیەکە لەنێو ڕابەرانی کرێکاری و کرێکارانی پێشڕەو و خاوەن نفوز ڕووەو کارکردن لەگەڵ حیزبدا. لە ناوەڕۆکی مەسەلەکەدا ئەمە یەک ڕووتێکردن و بزاوتی سیاسییە لە هەردوو لاوە.

لە لایەن ئێمەوە، ئەمە یەک ڕووتێکردنە بەرەو ڕابەرانی عەمەلی و خاوەن نفوزی جەماوەری، بۆ کارتێکردنی کۆمۆنیستانە لەسەریان و لە لایەن ڕابەرانی کرێکاریشەوە یەک ڕووهێنانە بەرەو کاری کۆمۆنیستی و ڕێکخراوبوون لە ڕێکخراوی نهێنیدا. فاکتەری بزوێنەری ئەم ڕوتێکردنە لە هەر دوو لاوە بە هەر حاڵ، حیزبی ئێمەیە. ئەمە ئێمەین کە ڕوو لە ڕابەرانی عەمەلی دەکەین بۆ ئەوەی کارێک بکەین، کە ئەوان ڕوو لە کۆمۆنیزم و حیزبی کۆمۆنیست بکەن. وە ئەمە ئێمەین، کە دەبێت پێداویستییەکانی کار فەراهەم بکەین. چۆن؟

ئەلیف. پاراستنی پەیوەندیی هەمیشەیی و ئاوێزانبوون لەگەڵ ئەڵقەکانی کرێکارانی پێشڕەو

ئەم ئەڵقانە هەمیشە هەن. هیچ پلەیەک لە سەرکوت و داپڵۆسین ناتوانێت هەڵیان وەشێنێتەوە و لەنێویان بەرێت. کرێکارانی بەئەزموون و دنیادیدە بەدرێژایی چەندین ساڵ ڕێگە و ڕەسمی پاراستن و پەرەپێدانی ئەم ئەڵقانە لەنێو کرێکاراندا فێربوون. ئەم ئەڵقانە لەسەر بنەمای سروشتیترین پەیوەندی و لەنێو دڵی هەزاران پەیوەندیی ڕۆژانەی کرێکاران لە شوێنی کار و ژیاندا، مانەوەی خۆیان دەپارێزن. بۆرژوازی تا ئێستا لەژێر هیچ هەلومەرجێکدا نەیتوانیوە کرێکاران ئەوەندە تاکتاک و ئەتۆمیزە بکات، کە ئەم پەیوەندییانە بە جیددی بکەونە مەترسییەوە. لەم پەیوەندییە ئەڵقەییانەدا کرێکارانی هەڵسووڕاوتر و هۆشیارتر بیرورا و بۆچوون دەگۆڕنەوە و بڕیار دەدەن و تەنانەت جۆرێک فێربوونی سەرەتایی (بەگشتی ڕووەو بردنە سەرەوەی تێگەیشتنی بەرژەوەندییە پیشەییەکان) لەنێو جەماوەری کرێکاران و بەتایبەتی کرێکارانی لاوتردا دەبەنە پێشەوە. "ئۆتۆریتەکان" لەم پەیوەندییانەدا، کەم تا زۆر شکڵ دەگرن. بێ ئەوەی کە ڕێکخستن و ڕێکخراوێک لەکاردا بێت، کۆمەڵە پیشەیەک لەنێو دڵی پەیوەندییە سروشتییەکاندا کرێکارانی هەڵسووڕاو بە شێوەیەک لە شێوەکان پێکەوە دەبەستێ. ئەم ئەڵقانە مەڵبەندە چارەنووسسازەکانی نێو چینی کرێکارن.

**پاراستنی پەیوەندیی هەمیشەیی و ئاوێزانبوون لەگەڵ ئەڵقەکانی کرێکارانی پێشڕەو ئەم ئەڵقانە هەمیشە هەن. هیچ پلەیەك لە سەرکوت و داپڵۆسین ناتوانێت هەڵیان وەشێنێتەوە و لەنێویان بەرێت. کرێکارانی بەئەزموون و دنیادیدە بەدرێژایی چەندین ساڵ ڕێگە و ڕەسمی پاراستن و پەرەپێدانی ئەم ئەڵقانە لەنێو کرێکاراندا فێربوون. ئەم ئەڵقانە لەسەر بنەمای سروشتیترین پەیوەندی و لەنێو دڵی هەزاران پەیوەندیی ڕۆژانەی کرێکاران لە شوێنی کار و ژیاندا، مانەوەی خۆیان دەپارێزن. بۆرژوازی تا ئێستا لەژێر هیچ هەلومەرجێکدا نەیتوانیوە کرێکاران ئەوەندە تاکتاك و ئەتۆمیزە بکات، کە ئەم پەیوەندییانە بە جیددی بکەونە مەترسییەوە...**

هەڵسووڕاوانی حیزب خۆیان وەک بەشێک لە کرێکارانی پێشڕەوی دەوروبەری خۆیان، دەبێت بەم ئەڵقانەوە جۆش بخۆن. لە هەر جێگەیەک ئەم ئەڵقانە شێوەی جیددیتریان بەخۆوە گرتبێت، بە هەمان پلە دروستکردنی پەیوەندیی جیددیتر لەگەڵیاندا لە چوارچێوەی پەیوەندییە سروشتییەکاندا دەکەوێتە سەرشانی ئێمە. هەر وەکوو لەوەو پێشیش وتمان، تەنها لەبەرچاوگرتنی باری ئەمنییەتی دەتوانێت دامێنی پەیوەندی و ئاوێزانی سروشتی ئێمە لەگەڵ ئەم ئەڵقانەدا سنووردار بکات. جیاوازیی تێڕوانینی ئێمە لەگەڵ ئەم یان ئەو دەستە و ئەڵقەیە لە کرێکارانی هەڵسووڕاو بە هیچ جۆرێک ناتوانێت بەڵگەیەک بێت بۆ بڕینی پەیوەندی و دوورکەوتنەوە لێیان.

ب. ئاگادارکردنی کرێکارانی پێشڕەو لە هەڵوێست و بۆچوونەکانی حیزب لەنێو دڵی ئەم پەیوەندییە هەمیشەییەدا، ئێمە دەبێت هەمیشە خەریکی "پەمپ"کردنی بۆچوون و سیاسەتەکانی حیزب بین بۆ نێو ڕیزەکانی کرێکارانی پێشڕەو. هەر کرێکارێکی خەباتکار و هەڵسووڕاو دەبێت ئاگاداری بۆچوونەکان، سیاسەتەکان و دروشمەکانی ئێمە بێت (تەنانەت ئەگەر ڕەخنەشی لێی هەبێت). تەرویج و تەبلیغی ئامادە و سیستەماتیکی بۆچوونەکانی حیزب لەم ئەڵقانەدا (بێگومان بە لەبەرچاوگرتنی ئاستی ئەمنییەتی هەر پەیوەندییەک)، گەیاندنی نامیلکە گرنگەکان و بڵاوکراوە حیزبییەکان بە شێوەیەکی هەمیشەیی بە ئەڵقەکانی کرێکارانی پێشڕەو، ناساندن و جێگیرکردنی دەنگی ح. ک. ئێ لەنێو کرێکاراندا و ڕوونکردنەوەی هەمیشەیی تاکتیکەکان و دروشمە حیزبییەکان لە پەیوەندییە کرێکارییەکاندا مەرجی پێویستی ئەم کارەن، دەبێت کارێک بکرێت، کە هەر کرێکارێکی هەڵسووڕاو، حیزبی کۆمۆنیست لە لایەنە سەرەکییەکان و ئەوەندەی دەکرێ لە وردەکاری دیدگا و هەڵوێستەکانیدا بناسێت و لەبەرامبەر هەر مەسەلەیەکی تازەدا خوازیاری ئاگاداربوون لە تێڕوانین و لایەنگیرییەکانی حیزب بێت.

ج. توانای تەرویجکردنی مارکسیزم و ڕەخنە لە بۆچوونە ناپرۆلیتارییەکان ڕووتێکردنی ئێمە بەرەو ڕابەرانی عەمەلیی کرێکاران دەبێت ببێتە هۆی پەیوەستبوونی لێبڕاوانەی ئەوان بە مارکسیزم و ڕێکخراوی کۆمۆنیستییان. ڕەخنە لە بیر و بۆچوونە ناپرۆلیتارییەکان و هەوڵدان بۆ برەودانی مارکسیزم لەنێو کرێکاراندا، ئەرکێکی حەیاتی ئێمەیە. ئاستی تەرویجی ئێمە دەبێت بۆ کارتێکردنی جیددی لەم کرێکارانە تا ڕادەی پێویست باڵا بێت، بەڵام ئەمە بەهیچ جۆرێک مانای تەرویجی خاڵە ئینتیزاعییەکان و وتنەوەی سادەی فۆرموولە مارکسیستییە کلاسیکییەکان نییە. مورەوویجی ئێمە دەبێت پایە بنەڕەتییەکانی مارکسیزم بە شێوەی جۆراوجۆر لەبەرامبەر دەرکەوتە جیاوازەکانی خورافاتی بۆرژوازیدا لێک بداتەوە. مارکسیزمی زیندوو و ڕۆشن و پەیوەست بە مەسەلەکانی کۆمەڵگە و جیهانی ئەمڕۆوە، ئەمە شتێکە کە هاوڕێیانی مورەوویجی ئێمە دەبێت هەوڵ دەن لەگەڵ خۆیاندا بیبەنە نێو کرێکارانەوە.

هەروەها تایبەتمەندییەکانی خودی مورەوویجیش گرنگن. پۆپۆلیزم هەر وەکوو باوە، مەسەلەی تەرویج بە ڕووناکبیران و خوێندکاران دەسپێرێت. ڕووناکبیرانێک هەتا ئەگەر مارکسیزمیان باشتریش خوێندبێتەوە، بەڵام سەبارەت بە ژیان و خەباتی عەمەلیی چینی کرێکار بۆچوون و تاقیکردنەوەیەکی زۆر کەمیان هەبوو. ئەم مورەوویجانە زۆر بەکەمی توانیویانە وەکوو پێویست بن و لە ڕووی تیۆریشەوە خاوەن نفوز بن. تەرویجی ئەوان زۆر بە کەمی پەیوەند بوو بە مەسەلە زیندووەکانی کرێکارانێک، کە لە ئەڵقەکانی ئەواندا بەشدارییان دەکرد. ئێمە دەبێت مورەوویجێک پەروەردە بکەین، کە ئەم گیروگرفتانەیان نەبێت. ڕۆشنبیران دەتوانن لە مەسەلەی تەرویجدا کاریگەر بن، بە مەرجێک سەبارەت بە ژیان و خەباتی عەمەلیی کرێکاران هەستیار بن، تێبینیی زۆر و تاقیکردنەوەی بەرجەستەیان لەم ژیان و خەباتە و گۆشە جیاوازەکانی هەبێت و سەرەڕای ئەمانەش لەگەڵ مەسەلە و سەرقاڵییەکانی کرێکارانی پێشڕەو بەچاکی ئاشنا بن، بەڵام دەبێت بتوانین هەرچی زیاتر مورەوویجینی خۆمان لەنێو خودی کرێکارانی هۆشیار و بەئەزموونیدا پەروەردە بکەین. نەک تەنها ئاگاداربوونی تیۆری، بەڵکوو هەروەها پوختی عەمەلیی مورەوویج بۆ سەرکەوتووبوونی پێویستە.

د. ئامادەبوون لە مەسەلە عەمەلییەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و داواکارییەکانی کرێکاران

هەر ڕەوتێک کە هەستیارێتی پێویست لەبەرامبەر مەسەلە عەمەلییەکانی بزووتنەوەی کرێکاری، داواکارییەکانی کرێکاران و ڕێگرەکانی بەردەم نارەزایەتییە کرێکارییەکان نیشان نەدات، ناتوانێت پەرەداربوونی نفوزی خۆی لەنێو کرێکاراندا ببینێت. بەشێک لەم حەساسییەتە لە ڕێگەی کرێکاریبوونەوەی پێکهاتووی حیزب و هەروەها کاریهەمیشەیی شانەکان لەنێو کرێکاراندا بەدەست دێت. بەڵام ئەمە بە تەنها بەس نییە. پێویستە ئەم مەسەلانە بە شێوەیەکی جیددی بدرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە. دەبێت سەبارەت بە گشت مەسەلەکانی بزووتنەوەی کرێکاری هەڵوێستی ورد و پشتبەستوومان بە ئاگاداربوون و مەعریفەی پێویستەوە هەبێت. دەبێت ورەی کرێکاران و ئارەزوو و داواکارییەکانیان بناسین و لە نزیکەوە لەگەڵ ئەو گیروگرفتانە ئاشنا بین، کە ڕابەرێکی عەمەلی بۆ بەگەڕخستن و ڕێکخستنی کرێکاران دووچاری دەبێت. هەر هاوڕێیەکی شانەیی ئێمە لە کارگە و گەڕەک، دەبێت توانای لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی مەسەلە کرێکارییەکان و ڕەخنەگرتن لە دیدگا و هەڵوێستە ئینحرافییەکانی هەبێت. هەر هاوڕێیەکی ئێمە دەبێت بەرەبەرە ببێتە مەرجەعێکی خاوەن نەزەر بۆ لێکۆڵینەوەی مەسەلەکانی بزووتنەوەی نارەزایەتی کرێکاران، هەر لە مەسەلەکانی وەک قانوونی کار، مەسەلەی تەبەقەبەندی، سوودوەرگرتن، سەلامەتی جێگای کار، کرێ، قازانجی تایبەتی، ئیمتییازات، هەلومەرجی کاری ژنان ... هتد. بگرە تا ئامار و ژمارەی تایبەت بە ئاستی بەرهەمهێنان، بەکارخستن و کەڵەکەبوونی کرێکاران ... هتد. لە کارگەکان و ناوچە جیاوازەکاندا دەبێت بە جیددی ببێتە جێگەی سەرقاڵیی هەڵسووڕاوانی ئێمە...

**نووسینی: مەنسور حیکمەت**

**درێژەی هەیە...**

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە



## نەجمەدین فارس: تاکە چارەسەر بۆ بنبڕکردنی نەهامەتی و چەوساندنەوەو کۆیلایەتی، نەمانی سیستەمی چینایەتییە، پێکهێنانی پەیوەندییەکی ئابووری کۆمەڵایەتییە لەنێوان مرۆڤەکان بەپێی (هەرکەس بەپێی توانا و، هەرکەس بەپێی پێویستی سەردەمەکان)

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ نەجمەدین فارس نووسەر و مارکسیست، سەبارەت بە گوشارەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم و ئایندەی سیاسی کوردستان”

**بۆپێشەوە: بڕیار و گوشارەکانی بەغدا لە دوای شەری سەربازی دژی داعشەوە بۆسەر دەسەڵاتی هەرێم، بەردەوامە، هۆکاری سەرەکی ئەم گوشارانە چییە؟**

**نەجمەدین فارس:** ئەو گوشارانەی بەغداد دەیخاتە سەر هەرێم ، لەلایەک جەنگی سیاسیە بازرگانەکانی بەغدادە لە بەرامبەر ئۆلیگارشیەکانی هەرێم، لەلایەکی تر پاک پیشاندانی پەرێزی بۆگەن کردوویانە لەبەرامبەر جەماوەرەکانیاندا. با بەجۆرێکی تر بیلێم، کێشەی هەردوولا، خزمەتکردنی دەسەڵات و بەرژەوەندییەکانیانە. کە خۆی بەژیانی کولەمەرگی دانیشتوانی هەرێم و عێراق چی؟؟ دەوڵەت دێموکراسی بێت یان دیکتاتۆری، ئاینی بێت یان عەلمانی، بۆ ژیانی خەڵک کە لە کولەمەرگیدا بژێت، چی باشییەکی هەیە، و چی لە ژیانی خەڵک دەگۆڕێت!! ئەگەر وەک دەستوورەکان و تێوریەکانی سیستەمی فیدراڵی باس بکەین، ئەوا لەو جۆرە سیستەمانەدا پەیوەندیەکانی هەرێمەکان و حکومەتی فیدراڵ بەهۆی کۆمەڵێک یاساوە ڕێکدەخرێت و هەردوولا پابەندی یاساو ڕێسایەک دەکرێن، کە بەکۆڵەکەی یاسای ڕێکخستن و دامەزراندنی فیدراڵیەت دادەنرێت: یەکەم: ئەو بنەمایانەیە هەمواركردنی دەستووری نوێی عێراق، بەقورسی ئەنجام دەدرێت. لەبەرئەوەی دەنگی دوو لەسەر سێی سێ پارێزگای هەرێم کە ئێستا بووە بە چواریش، پێشنیار و پێشکەشکردنی داخوازی هەمواركردنەوەی دەستوور، ئەو ڕێژەیەی دەنگدانی سێ پارێزگاکەی هەرێم یان هەر سێ پارێزگای تری عێراق ئەتوانێت داخوازی هەمواركردنەكان هەڵوەشێنێتەوە. ئەگەر هاتوو ئەو ڕێژەیەی دەنگدانی بەدەست نەهێنا ئەوا هەمواركردنەکە جێبەجێ دەکرێت. ئەمەش لەسەر وەلائی خەڵكی هەرێم بەگشتی دەوەستێت کێشەیەکی سیاسی قوڵ وڕیشەداریان نییە، کێشەیان لەسەر قاڵبی کێکەکانە. لەبەرئەوەی هیچ لایەکیان نە بۆرژوازی نیشتمانی و نە بۆرژوازی نەتەوەیی و نە بۆرژوازی ئاینی و باوەڕدارن، کۆمەڵێک ئۆلیگارشی سیاسی گرێدراوی سیاسەت و میتۆد وجێبەجێ کاری بەرژەوەندیەکانی وڵاتانی زلهێزی جیهانی و هەرێمایەتین و مرتەزیقەی ئەو هێزانەن لەسەر ئازاردان و لەبەینبردنی گیان و ژیان وئازادییەکانی دانیشتوانی عێراق.

**بۆپێشەوە: بەشیک لەخەڵکی کوردستان بەتایبەتی موچەخۆران، دەیانەوێت بەغدا موچەیان بداتێ و لە ژێر دەسەڵاتی هەرێم نەمێنن، چەندین فراکسیۆنیش لەوانە یەکێتی و نەوەی نوێ و یەکگرتوو، کۆمەڵی دادگەری داوایان لە پەرلەمانی عێراق کردووە، کە بەغدا ڕاستەوخۆ بە میکانیزمێکی یاسایی موچە فەرمانبەرانی کوردستان بدات، سەرەتا بڕیاری ئەم چەند فراکسیۆنە چۆن دەبینن؟ هەروەها ئایا ئەوە کیشەی موچە چارەسەر دەکات”؟**

**نەجمەدین فارس:** ئەو هێزە بەرداش ئاسانەی هاڕینی گیان و کەرامەتی خەڵک، لەعیراقدا هەن، هێزگەلێکی بۆگەنی خۆپەرستی چاوچنۆکن و هەرجارەی بە سیناریۆیەکەوە، خەڵک تووشی دڕدۆنکی و بی هیوای دەکەن و هەر خۆشیان خۆیان بەفریادڕەس و دڵسۆزی چینی ڕەشوڕوتی کۆمەڵگە دەناسێنن و بەیانی ئەجێندای چارەسەری ژیان و گوزەرانی چینی زەحمەتکێش و هەژاران دەکەن، لایەک خۆی بە دڵسۆزو خەمخۆری مووچەخۆران و لاکەی تری بەناوی نەگەڕانەوە بۆ ناوەند، کوردایەتی و بەکۆمەڵێک لەو گووتراوانە بێبەهایانەیان موچەخۆرانی پێ سەقاڵ دەکەن و بۆ درێژ ماوە بێبەشیان دەکەن لە

**ئەو هێزە بەرداش ئاسانەی هاڕینی گیان و کەرامەتی خەڵك، لەعیراقدا هەن، هێزگەلێکی بۆگەنی خۆپەرستی چاوچنۆکن و هەرجارەی بە سیناریۆیەکەوە، خەڵك تووشی دڕدۆنکی و بی هیوای دەکەن و هەر خۆشیان خۆیان بەفریادڕەس و دڵسۆزی چینی ڕەشوڕوتی کۆمەڵگە دەناسێنن و بەیانی ئەجێندای چارەسەری ژیان و گوزەرانی چینی زەحمەتكێش و هەژاران دەکەن...**

لە مانەوە دەسەڵات و بەدەستهێنانی سەرمایەی زیاتردا دەبینێتەوە. هەردوولای چینی ئۆلیگارشی ئیش لەسەر بە مۆتەکەکردنی یەکتری دەکەن تا دانیشتوانی هەرێم و خوارو وناوەڕاستی عێراق لە قاڵب بدەن و بەبەرژەوەندی خۆیان جەماوەری ناوچەکانی خۆیان بە دوای خۆیاندا بەکێش بکەن و جەماوەرێکی برسی و بێکاری ژێر دەسەڵاتیان، دەست بۆ هیچ داخوازییەکی ڕەوای خۆیان نەبەن، و داوای ڕەوای ژیانێکی شایستە بۆ خۆیان و خێزانەکانیان لەبیر ببەنەوەو بە کێشەی لاوەکی و چاوسورکردنەوەیەکی درۆزنانە لەیەکتری، گۆڕانی دەسەڵات و بەرجەستەکردنی پێویستیەکانی خەڵک بۆ کاتێکی نادیار لە خۆیان و دەسەڵات وبەرژەوەندیەکانیان دووربخەنەوە. بە دۆن کیشیۆت کردنی خەڵکە لە ڕێگەی دروستکردنی پاڵەوانی درۆزنانەوە. ئەو دوولایەنەی عێراق، دوو بەرداشی یەک ئاشن بۆ هاڕینی داخوازی و پێویستییە ڕۆژانەییەکان و نارەزایەتیەکانی چینەکانی خوارەوەی دەسەڵاتەکان.

**بۆپێشەوە: گوشارە بەردەوامەکانی بەغدا بۆسەر هەرێم، بەرهەمی پابەندبوونی دەسەڵاتی ناوەندە بە فیدرالیزم و دەستورەوە، لە هاوسەنگی تازەی نێوان بەغداو هەرێمدا، یان وەکو هەندێک دەڵێن پاشگەزبوونەوەی بەغدایە لە فیدرالیزم و دەستور؟**

**نەجمەدین فارس:** هەر وەکو وتم دوو بەرداشی یەک ئاشن، ئەگینا دەوڵەت فیدراڵی بێت، یان هەتا کۆنفیدراڵیش بێت، دەستووری فیدراڵیەت دیاری دەکات. دووەم: چۆنیەتی هەمووارکردنی دەستووری فدراڵیەت. سێهەم: دادگاکانی دەوڵەتی فیدراڵی. چوارەم: دادگای دەستووری لە دەوڵەتی فیدراڵیدا. پێنجەم: مافەکان لەدەستوری فیدراڵیدا. شەشەم: دەسەڵاتەکانی باری نائاسایی و دەسەڵاتی تایبەتی نافیدراڵی. هەر کۆڵەکەیەک لەو شەش کۆڵەکەیەی کە یاسای فیدراڵیەت پێکدەهێنن، ڕۆڵ و کاریگەریان بەسەر شێوازی ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی هەرێمەکان و حکومەتی فیدراڵیێوە هەیە، هەردوولا بەپێی بەند ومادەکانی دەستووری فیدراڵی، پابەندی ئەرک و ماف بۆمانەوەی سیستەمی فیدراڵی بە یاسایی. پێم وایە ئەو وەلائە بۆ حکومەتی هەرێم کەم بووەتەوە لە لایەن خەڵکەوە. چونکە چەوسانەوەی ئابوری وسیاسی و کۆمەڵایەتی و چینایەتی لە هەرێمدا لە ئاستێکی بێزارکەردایە. لە لایەکی تر کودەتا و شۆڕش ئەتوانێت سەرجەمی سیستەمەکە بگۆڕێت، بەپێی خواستی بکەرانی. ئەمە ئەو حاڵەتانەیە کە سیستەمی فیدراڵی دەگۆڕێت لە عێراقدا.

**بۆپێشەوە: ئایا هەنگاوەکانی بەغدا لەدژی هەرێم و سیاسەتی خۆگرێدانەوەی پارتی و یەکێتی بە بەغدا، بەمانای تیکەڵ بوونەوەی**

**هەموو هێزو فراکسیۆنەکان و دەسەڵاتداران لەگەڵ دانیشتوانی عێراق ڕاست ناکەن، و لەپێناوی درێژەدان بەدەسەڵاتیان و چونە پێشەوەی بەرژەوەندییەکانیان سیاسەت دەکەن. کێشەی موچە چارەسەر ناکەن، لەبەرئەوەی سیستەمی ئێستای هەموو عێراق، بەپێی سیاسەت و میتۆدی بانکی دراوی نێودەوڵەتی دەڕوات بەڕێوە، کە لەسەر بناغەی برسیکردن و سك هەڵگوشینی دانیشتوانی ئەم وڵاتانە دەڕوات بەڕێوە...**

دەکات. ئەگەر ئەو خاڵانەی سەرەوە کە باسم کرد لە نێوان هەر دوولایاندا جێ بەجێ بکرێت کە پێم وایە بەشێک لەکارەکانی دادگای فیدراڵی هەوڵێکە بۆ بەئەنجام گەیاندنی، ئینجا عێراق بە هەرێمەوە لەو تەیرە دەچێت کە پێی دەڵێن دەوڵەتێکی فیدراڵی. لەلایەکی تر

**بەکردەوەی کوردستانە بەعێراقەوە؟**

**نەجمەدین فارس:** دەوڵەتی فیدراڵی ئەگەر دەستووری هەبوو، وەکو ئەوەی عێراق، دەستوور هەرێم و حکومەتی فیدراڵی پابەند دەکات بەوەی بەپێی یاسا بڕۆن و پەیوەندی بگرن بەیەکەوە. ئۆلیگارشیەکانی هەرێم و ناوەڕاست و خواروی عێراق، هیچ

مووچەیەک کە مافی خۆیانە لە بەرامبەر ماندووبونێکدا وەری بگرن. ئەگینا چی لایەکیان داوای ئەوەیان بۆ مووچەخۆران کردووە، کە بەپێی پێویستی خێزانەکان و گرانی نرخی کاڵاکان، موچەی موچەخۆران و کرێکاران بدرێت و دابین بکرێت و هەموو کەس وەکو یەک بەهرەمەند بێت لە

بەدەست هاتووەکانی ئێستای مرۆڤایەتی. لەبەرئەوە هەموو هێزو فراکسیۆنەکان و دەسەڵاتداران لەگەڵ دانیشتوانی عێراق ڕاست ناکەن، و لەپێناوی درێژەدان بەدەسەڵاتیان و چونە پێشەوەی بەرژەوەندییەکانیان سیاسەت دەکەن. کێشەی موچە چارەسەر ناکەن، لەبەرئەوەی سیستەمی ئێستای هەموو عێراق، بەپێی سیاسەت و میتۆدی بانکی دراوی نێودەوڵەتی دەڕوات بەڕێوە، کە لەسەر بناغەی برسیکردن و سک هەڵگوشینی دانیشتوانی ئەم وڵاتانە دەڕوات بەڕێوە. میتۆدی هەموو هێزەبەرداش ئاساکانی هەموو عێراق بەم بیرکردنەوە و نەفەسە لیبراڵیە دەڕوات بەڕێوە.

**بۆپێشەوە: لێکەوتە سیاسیەکانی دەسەڵاتی ناوەندی لەسەر خەڵکی کوردستان و پرسی چارەسەرنەبووی نەتەوایەتی چۆن دەبینن؟ لاتان وایە جارێکی تر ستەمی نەتەوایەتی لەسەر خەڵکی کوردستان دوبارە دەبێتەوە؟**

**نەجمەدین فارس:** کێشەی نەتەوایەتی یەکێک لەو کێشانەیە کە لەگەڵ سەرهەڵدانی سیستەمی سەرمایەداریدا دەرکەوت و بوو بە فۆڕمی بیرکردنەوەی گەلێک لە مرۆڤەکانی سەر زەوی بۆ جیاکردنەوەی بەرژەوەندییەکانی سەرمایەداران لەگەڵ یەکتردا، پەرەیاندا بەدروستکردنی جیاوازییەکان. چینی شۆڕشگێڕی لەکۆمەڵگەی سەرمایەداریدا پێ دابەش دابەش کردو جەنگی گەورەو ماڵوێرانکەریشیان پێ هەڵگیرسان و ملیۆنان مرۆڤیان تیا لەناوبرد. ئۆلیگارشیەکانی کورد و عەرەب، ئیش لەسەر هێشتنەوەی ئەوکێشە دروسکراوەی نێوان مرۆڤەکان دەکەن کە بە دیالێکتی و زمانی جیاوازو بە ئاخاوتینی جیاواز جیاواز پەیوەندی دەگرن لەگەڵ یەکتردا. نانی بۆرژوازی و سەرمایەداران لە دروست بوونی کێشەی نەتەوایەتی و ڕەگەزی و شێوەی جیاوازی پێست و مووی سەر دایە. لەبەرئەوەی هۆکارە بۆ لەبیر بردنەوەی پرسە مێژوویی و بنەڕەتیەکەی چینی کرێکار لە مێژووی گۆڕانکاری ماددی مێژوویی کۆمەڵگاکاندا. هەتا ئەگەر پێوەر بۆ نەبوونی جیاوازی لەنێوان مرۆڤەکاندا، ئاین، یان زانستی پەرەسەندن بێت، ئەوا مرۆڤ یەک سەرچاوەی مرۆڤانەی هەیە. بەڵام ئەم جیاوازی کردنە لەلای ئاینیەکان یان لەلای عەلمانی و دیموکراسیەکان و.... ئەم جیاوازی کردنە لەپای چی؟؟ لەبەرئەوە بەشێوازی جیاواز جیاواز، دروستی دەکەن و پەرەی پێدەدەن. تا لە سایەی ئەو جیاوازیەدا درێژە بەدەسەڵات و قازانج و کەڵەکەی سەرمایە بدەن. لەبەرئەوە ئەم یاریەی بۆرژوازی بەردەوامی دەبێت و درێژەی پێدەدەن. کێشەی بنەڕەتی مرۆڤ لەمێژووی دروست بوونی کۆمەڵگەی چینایەتیەوە، ژیان و گوزەرانکردنی شایستەو سەردەمیانەیە بەپێی سەرددەم وگەشەکردنەکانی، دەستی ڕابگات بە تەواوی پێداویستیەکانی بەپێی بەدەستهاتووەکان وپێشکەوتنەکانی مرۆڤایەتی. ئۆلیگارشی کوردو عەرەب بژێوی وخراپی توانای دارایی و هەژاری چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە، هەریەکەو بە هۆکاری جیاوازی دروستکراو دەخاتە ملی نەتەوەکەی بەرامبەری. بنەڕەتی کێشەکان سیستەمی بەڕێوەبردن و دابەشکردن و بەکارهێنان و بەرهەمهێنانێکی ناچیزوو نادادو لاسەنگە بۆ ژیانی مرۆڤەکان. ئەگەر ئەوە سیستەمی کۆمەڵایەتی ئابووری سیاسیەی ئێستا، نەگۆڕێت بە سیستەمێکی ئابووری کۆمەڵایەتی بێ چین، ئەو کێشەو ململانێ جیاواز جیاوازانە کۆتاییان نایەت، بە عێراقیشەوە.

**بۆپێشەوە: خەڵکی کوردستان بەشیوەی گشتی دژی دەسەڵاتی سیاسی هەرێمن و بەکردەوەش ئۆپۆزیسیۆنی بۆژوازی کورد، ئەڵتەرناتیفێکی باشتری دەسەڵات نییە و لەو ئاستەدا نییە، بتوانێت جڵەوی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان بکات، خەڵکی کوردستان دەبێ چی بکات، تا لەدەسەڵاتی یەکێتی و پارتی و هاوشێوەکانی و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی ڕزگاری بێت؟ بەکورتی چ ڕێگاو ئەڵتەرناتیفێک بۆ باش بوونی ژیان و گوزەران و ئایندەی سیاسی کوردستان پێویستە؟**

**نەجمەدین فارس:** بەپێی مێژووی گۆڕانی ماددی، ئۆپۆزیسیۆن، پێویستە بەرنامەی گۆڕانی ڕیشەیی فرماسیۆنی ئابووری کۆمەڵایەتی سیاسی لە دەستوری کارو بەرنامەکەیدا بێت. ئەگەر ئەوە بوونی نەبوو، ئەوا چ ئۆپۆزیسیۆن بەریتە لای دەسەڵات و وە بەپێچەوانەشەوە، هیچ لەبابەتەکانیان ناگۆڕێت. لەبەر ئەوە لە سەرجەم عێراق و هەرێمدا، بەمانای وشەکە بەپێی سەردەمەکەو بەپێی ڕەوتی مێژوویش ئۆپۆزیسیۆن بوونی نییە. دۆن کیشیۆتەکانی دەسەڵات و سەرانی بەناو ئۆپۆزیسیۆن، هەر پرۆژەو ئەڵتەرناتیفێک پێشکەش بکەن وبڵاوی بکەنەوە، هەوڵەکانیانە بۆ گەمژاندنی ئەندامان و هەواداران و دانیشتوانی هەرێمە بەگشتی، هەوڵەکانیانە بۆ درێژەدان بەهەمان چەوسانەوەی ئابووری و سیاسی وکۆمەڵایەتی ئێستا و درێژەدانە بەهەمان جۆری سیستەمی بەڕێوەبردن و ئابووری لیبراڵی بەتێکشکاوی. کاتێک ئەوە حاڵی بەناو ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات بێت، بۆ ئەوەی ڕاکێشانی پەتپەتێنەکەی دەسەڵات و بەناو ئۆپۆزیسیۆن بەجەماوەری هەرێم نەکەن بۆ بەرژەوەندی خۆیان، واباشترە کە جەماوەری هەرێم بەهەموو چین وتوێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە بیر لە دروستکردن و پێکهێنانی شوراو کۆمیتە شۆڕشگێڕەکانی خۆیان بکەنەوە لە هەموو شارو شارۆچکەیەک وبەڕێوبەرایەتیەکان و ناوەندەکانی کارو پیشەکاندا. بەرنامەو پێڕەوێک بهێننە بوون کە تەواوی مافەکانی بەیەکسانی و دادوەرانە لەخۆگرتبێت، هیچ کەس نەسەردارو نە خاوەنی ئیمتیازو نەخاوەنی بەرژەوەندی تایبەت و سەرمایە بێت. ئەمە تەنها چارەسەرە، ئەگینا لە دنیادا و لەڕێگەی هەڵبژاردنەکانەوە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات کراوە لەنێوان ئۆپۆزیسیۆن ودەسەڵات هیچی لەژیان و گوزەرانی دانیشتوانەکەی نەگۆڕیوەو تەنها سەرچاوەکان لە دەسەڵاتدا دەگۆڕێن. لەبەرئەوەی هەمان سیستەمی ئابووری کۆمەڵایەتی سیاسی پەیڕەو دەکەن. هەندێک چاکسازی کەلەهەندێک کاتدا، لەژێر فشاری جەماوەردا دەکرێت، ناتوانێت دەردی بێ مافی و چەوساندنەوە چارەسەر بکات و کاتیەو هیچ لە زوڵمی چەوساندنەوە ناگۆڕێت، لەبەرئەوەی پرۆسەی پەیوەندی هێزی کارو سەرمایە ناگۆڕێت، کە سەرچاوەی هەموو دەردەکانی کۆمەڵگەکانە.

**بۆپێشەوە: لەکاتێکدا دەسەڵات متمانەی لای خەڵکی کوردستان نەماوەو ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کورد لە ئاستی ئەوەدا نییە وەکو بزوتنەوەی گۆڕانی پێشوو سواری شەپۆلی نارەزایەتی جەماوەری خەلکی کوردستان بێت، چەپ و کۆمۆنیستەکان، لە کوێی بزوتنەوەی نارەزایەتی ئیستای خەڵکی کوردستاندا وەستاون؟**

**نەجمەدین فارس:** جارێ با لەوە بگەڕێین چەپ لە کوێی ناڕەزایەتیەکان وەستاوە. بۆئەوەی ئەمە بزانین، چاوێک بە سەرچاوە هزریەکانی چەپدا بخشێنین، لەوانەیە ئەنجامگیریەک بەدەست بخەین. لەمێژووی خۆیدا، چەپگەرایی و بیری چەپ لە ڕابردوودا تێکەڵەیەک بووە لە بیری ناسونالیستی و خەباتی نیشتیمانی. ئەوەبوو کە هەرکارێکیان ئەنجامدابێت، ئەنجامەکەی بۆ گیرفانی بۆرژوازی کۆمپرادۆری کوردو عەرەب بووە. ئەگەر پەیوەندیشیان بەچینی کرێکارەوە بووبێت، لەپێناوی خزمەتکردنی پایە کۆمەڵایەتی چینایەتیەکەی خۆیاندا بووە. وە ئەوەشی کە پەیوەندی بەچەپی ئێستای کوردستانەوەیە، سەرچاوەی بیری ئێستای چەپ، لە لایەک سودی لە بیری لیبرالیزم وەرگرتووەو موتوربەکراوە لەسەر بیری سۆشیالی ئەوروپا، ئەمەش لەتێڕوانینەکانیان و هەڵوێسگیریەکانیان، لە بەرامبەر چەوسانەوەی خەڵک و بێماف کردنیان لە هەموو ڕویەکەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە دەردەکەوێت لە ئەلتەرناتیف و ڕێگاچارەکانیاندا بۆ هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی خەڵک. تەواوی گروپ و لایەنەکانی چەپ و بەناوکۆمۆنیستەکان، ئاو لە سەرچاوەی بیرو هزری لیبراڵیزم دەخۆنەوە. تێڕوانینی مارکسیزم بۆ چارەسەری بێ ماف کردنی خەڵک لەهیچ هەڵوێست و کردەیەکیاندا ڕەنگ ناداتەوە و نەیداوەتەوە. لەبەر ئەوە چەپ و بەناو کۆمۆنیستەکان لەدەرەوەی ئاراستەکردن و ڕێکخستنی ناڕەزایەتیەکانی خەڵکن بەشیوەیەکی گشتی. بەهۆی ئەوەی چارەسەری کێشەکان لەلای چەپ، هەمان چارەسەری لیبراڵیانەیە، وسەرچاوەکەی چەوساندنەوەیە. نمونەش زۆرن؛ بۆنموونە پێدانی کری کرێکار کە بەشی لانی کەمی خێزانێکی پێنج کەسی بکات، ئەم داخوازیە مارکس لە کتێبی سەرمایەدا بەتەواوی دژی دەوەستێت و ڕەتی دەکاتەوە، هتد...وە ئەوەی لە ڕابردوودا بزوتنەوەی گۆڕان کردی، تەسلیم کردنەوەی ناڕەزایەتیەکان و گیانی بەرەنگاربوونەوەی نادادی بوو بەدەسەڵات، مراندن و خەساندنی کۆمەڵگەی ناڕازی بوو لە خزمەتی دەسەڵاتدارانی ئۆلیگارشی هەرێم، لەبەرئەوەی لەدایک بووی ناوەڕۆکی هەمان حیزبەکانی دەسەڵات بوو.

**بۆپێشەوە: گرژی و ناکۆکی نیوان پارتی و یەکێتی لەسەر دەسەڵات و داهات بەردەوامە، ئایا گوشارەکانی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و بەغدا، هۆکاری بەرینبوونەوەی قڵشتی نێوانیانە، یان نەتوانین و ناتەبایی و ملنەدانی پارتی و یەکێتی بەداوای بەغداو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، هۆکاری بەردەوامی ئەو گرژیانەیە؟**

**نەجمەدین فارس:** وەکو لەپێشتردا باسم کرد، ئەگەر بەتەمان عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵی بێت، ئەوا ئەو کۆڵەکە یاسایانەی کە پەیوەندی هەرێم وحکومەتی ناوەند ڕادەگرێت دەبێت جێبەجێ بکرێت لە نێوانیاندا. ئەوانەی دادگای فیدراڵی دەیکات سەرەتای جێبەجێکردنی فدراڵیەتە. کێشەی پارتی و یەکێتی لەسەر بردنی بەشی زیاتری داهات و دەسەڵاتە. ئەگینا نە لەسەر خزمەتکردن بە خەڵک و

> **واباشترە کە جەماوەری هەرێم بەهەموو چین وتوێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە بیر لە دروستکردن و پێکهێنانی شوراو کۆمیتە شۆڕشگێڕەکانی خۆیان بکەنەوە لە هەموو شارو شارۆچکەیەك وبەڕێوبەرایەتیەکان و ناوەندەکانی کارو پیشەکاندا. بەرنامەو پێڕەوێك بهێننە بوون کە تەواوی مافەکانی بەیەکسانی و دادوەرانە لەخۆگرتبێت...**

> **ئەو هێزانەی لەڕێگەی کۆمەڵێك قسەی باق وبریقەوە دەیانوێت پیشانی بدەن کە هەڵبژاردن ئەتوانێت گۆڕانکاری بەسەر دۆخی ئێستا ژیان و گوزەراندا بهێنێت، لە درۆیەکی بێ پەردەی بەناو ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات هیچی تر نییە، لەبەر ئەوەی (ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات جام و وێنەی یەکترن)**

## درێژەی... دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ نەجمەدین فارس

جەماوەرەکەی خۆیان، و نە لەسەر ئەوەیە کە کامیان خزمەتی زیاتر بەوەی کەناویان لێ ناوە پرسی نەتەوایەتی و نیشتمانی دەکەن. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، وە بەتایبەتی تر، ئەمریکا و ئێران، دەیانەوێت حکومەت و دەسەڵات لە عێراق و هەرێمی کوردستان، بەپێی پێویستی ئەجێندای سیاسەتی دەرەوەی ئەو دوو وڵاتە ئاڕاستە بگرن. لەناو لایەنەکانی حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم، مەیلی لایەنگیری و کلکایەتی کردن بۆ ئەو دوو وڵاتەو هەندێک وڵاتی هەرێمایەتی هەیە و بەئاڕاستەی سیاسەتی ئەوان لە بەرامبەر یەکتردا هەڵوێست وەردەگرن و سیاسەت دەکەن، ئەم کاری مرتەزەقیەکردنەی هەموو لایەنەکانی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی عێراق، لەپێناوی مانەوەیانە لەدەسەڵات و تاڵانکردنی سەروەت و سامانی سەرزەوی و ژێرزەوی و کۆیلەکردنی جەماوەری خەڵکی عێراق وهەرێمە، بەپاڵپشتی هێزە نێودەوڵەتیەکان. ئەگینا ئەوەی ئەو هێزە نێودەوڵەتیانە دەیکەن، بۆ خزمەتی خۆیانە لەسەر گۆشت و ئێسقانی خەڵکی ڕەش و ڕوتی عێراق.

**بۆپێشەوە: لایەنە سیاسییەکان بەگشتی و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی هەڵبژاردن وەکو ڕیگایەک بۆ دەرچوون لە دۆخی نەخوازراوی ئیستای کوردستان دەزانن، ئێوە لەوبارەیەوە دەڵێن چی؟**

**نەجمەدین فارس:** مێژووی هەڵبژاردنەکان، مێژوویەکی دوور ودرێژی هەیەو هی چەند هەزارەیەکی پێش زاینە و لەهەڵبژاردنی سەرۆک خێڵەکانی سەرەتای دروست بوونی سیستەمی باوکسالاری خێزانی خێڵەکانەوە دەست پێدەکات تا بەمرۆ دەگات. هەڵبژاردنی ئەو ناوەندە چینایەتیانە، بۆ پیرۆز هێشتنەوەی سەردار وخزمەتکارە، بۆ هێشتنەوەی چەوساوەو چەوسێنەرە، بۆ مانەوەی سەمایەدار و هەژارو برسیەکانە. ئەگەر هەڵبژاردن چارەسەرە، بەدرێژایی مێژوو بۆچی هەڵبژاردنەکان!! نەیتوانیووە لەسەرتاسەری جیهان چارەسەری بڵاوبونەوەی برسێتی و هەژاریەکی بەرفراوانی خەڵک بکات، ئەگەر هەڵبژاردن چارەسەرە، ئەی خێرە هەژاری و برسێتی بەربینگی زیاتر لە ملیارێک مرۆڤ گرتووە، کە بەهەموو پێوەرێکی مرۆڤانە، شایستەی ئەو جۆرە ژیانە نین. ئەگەر هەڵبژاردن چارەسەرە، ئەی خێرە هەژاری و کاری کۆیلایەتی و جۆرەها شێوازی کۆیلەکردن و بازرگانیکردن بەمرۆڤەوەو لەشفرۆشی، سیمای ناسینەوەی پێشکەوتوترین و دەوڵەمەندترین دەوڵەتەکانی دنیایە، و بیگرە هەتا دواکەوتوترین وهەژارترینیان. هەڵبژاردنەکانیش بەردەوامن لە دەوڵەتە جیاوازەکانی جیهان، بە ئاینی و مەزهەبی و بەدیموکراسی ودیکتاتۆری وعەلمانی و سۆشیال دێموکرات و.. لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ بەچەندەها جۆر کۆیلە دەکرێت. ئەنجامدانی هەڵبژاردن واتای ئەنجامدانی خۆڵکردنە چاوی مرۆڤەکان، و درێژەدان بەچەوساندنەوەو کۆیلەکردن. ئەگەر هەڵبژاردن دۆخی نەخوازراو دەگۆڕێت، ئەبوایە لە سەرتاسەری جیهاندا جەنگ و برسێتی و هەژاری و کۆیلەیەتی نەبوایە ئێستا. دۆخی ئێستای هەرێم هەڵبژاردنی ئەندام پەرلەمان ناتوانێت بیگۆڕێت. ئەو هێزانەی لەڕێگەی کۆمەڵێک قسەی باق وبریقەوە دەیانوێت پیشانی بدەن کە هەڵبژاردن ئەتوانێت گۆڕانکاری بەسەر دۆخی ئێستا ژیان و گوزەراندا بهێنێت، لە درۆیەکی بێ پەردەی بەناو ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات هیچی تر نییە، لەبەر ئەوەی (ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات جام و وێنەی یەکترن). هەڵبژادنی پەرلەمان لەبەرئەوەی لەسەر بناغەی هێشتنەوەی چەوساوەو چەوسێنەر و ڕێکخستنی و هێشتنەوەی پەیوەندی کاروسەرمایە و خزمەتکردنی پرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لیبرالیزم ئەنجام ئەدرێت. ناتوانێت سیستەمی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی ئێستای هەرێم بگۆڕێت، بە سیستەمێک کە جیاوازی چینایەتی و بەرژەوەندی تیا نەبێت، ئەگەر ئەمەش نەکات بەدڵنیاییەوە دوای هەڵبژاردنەکان ئەو دۆخە بەردەوامی دەبێت. تاکە چارەسەر بۆ بنبڕکردنی نەهامەتی و چەوساندنەوەو کۆیلایەتی، نەمانی سیستەمی چینایەتییە، پێکهێنانی پەیوەندیەکی ئابووری کۆمەڵایەتییە لەنێوان مرۆڤەکان بەپێی (هەرکەس بەپێی توانا و، هەرکەس بەپێی پێویستی سەردەمەکان)....

**بنیاتنانی ئایندەو جیهانێکی باشتر، بەدەستی خودی ئینسان، زەروری و مەیسەرە...پێویست و لە توانادایە...**

## درێژەی .... دوا وتە

سیاسی نییە، بەتایبەتی کە فایلی نیشتیمان سازی لە روانگەی شیعەی سیاسیدا، هیچی لە بانگەشەی ناسیونالیزمی عەرەبی سونی کەمتر نییەو لەبەرامبەر ناسیونالیزمی کوردیشدا کە کاریگەری لەسەر بریاری سیاسی ناوەند زۆر سنوردار و بی کاریگەرە، خیراتر دەتوانێت پرۆسیسی تواندانەوەی لەناو دەسەڵاتی ناوەندیدا جێ بخات. نەک تەنها بودجە و شایستە داراییەکانی هەرێم، بەڵکو دابینکردنی رێژەیەک لە موچەی فەرمانبەرانی هەرێم، دەتوانێت رەزایەتی ناسیونالیزمی کورد بەدەست بهێنێت. بەتایبەتیش کە ناسیونالیزمی کورد جگە لە پرسی موچە، هیچ خواستیکی تری لە ناوەند نییەو بەکردەوەش نیشانی داوە، ئەهلی هەڵگرتنی کەیسی سیاسی و چارەنووساز... نییە.

نە پرسی ئایندەی سیاسی و نە مەسەلەی کورد و تەنانەت دۆسیەکانی وەکو ناوچە دابراوەکان، کێشەی کەرکوک، و سنور ...تاد، هەموویان لەدیدی ناسیونالیزمی کوردا بەستراونەتەوە بە ناردنی بەشیک لە موچەی فەرمانبەران و ئیدارەکردنی هەرێم، بە نوینەرایەتی بەغدا و جێ بەجێکردنی ئەجنداکانیان.

ئەم پێگە تازەیەی ناسیونالیزمی کورد کە خەریکە پێ دەگرێت، ناسیونالیزمی کورد دەکاتە قوربانی پلە یەکی هەڵبژاردنەکان و جەنگی ناسیونالیزمی کورد دەگوازێتەوە بۆناو خانەوەدەکەی خۆی و بەرامبەرکی لەسەر نوینەرایەتی کردنی بەغدا لە هەرێمدا دەکاتە مەیدانی ململانێی نیوان هیزە سەرەکیەکانی سەر گۆرەپانی کوردستان.

پێشبرکێی خۆ نزیککردنەوە و خۆت جوتکردن لەگەڵ سیاسەتی باڵادەستی هێزە بڕیار بەدەستەکانی عیراق، لەلایەن پارتی و یەکتیەوە، بەرجەسترین ململانێی ئێستای نیوان پارتی و یەکێتییە. هەردوو لا دەیانەوێت پابەند خۆیان بە بەغداوە رابگەیەنن و وەکو بەشێک لە پرۆسیسی کارای ناو ئەو دۆخە سیاسیە، دەربکەون. ئەوە لەکاتێکدایە چ پارتی و چ یەکێتی ئەو راستییە دەزانن قوتبی بوونەوەی دەسەڵات لە بەغدا، قوربانییەکەی هیزە لۆکاڵیەکانن کە پیگەو بریاری سیاسییان بە ئەندازەی قەڵەمرەوی فیدرالیزم، زیاتر نابێت و ناچارن دەست لە دۆسیەکانی رابردوو بەربدەن، کە قەڵەمرەوی فیدرالیزمی بەزاندبوو. دۆسیەی نەوت و غاز و سامانی سروشتی و فرۆشتن و دارایی، دۆسیەی سنورەکان و بەرگری، و پەیوەندییە فەرمی و نێودەوڵەتیەکان...تاد، ئەوانە ئیتر پەروەندە و مەلەفی سەربەخۆ و دۆسیەیەک نین هیزە لۆکاڵیەکان بەدەستیەوە بگرن، بەڵکو بەپێی دەستور و فیدرالیزم، ناوەندین و لەژێر چاودیری ناوەندیدا دەبن، ئەوە ئەو ئاڵوگۆرە بەرجەستەیە کە کۆتایی بە باڵادەستی بۆرژوازی کورد بەشێوەی فەرمی بەسەر هەرێمدا دەهێنێت. هەڵبژاردن لەو دۆخەدا بۆ ناسیونالیزمی کورد کە دەرگیری دەیان کێشەی چارهەڵنەگرە، لە بۆمبێکی تەوقیتکراو دەچێت، کە چوار دەورەکەی ئاگرە و ئەو بۆمبە لە ئامیزی هێزە سەرەکی و هاوبەشکانیاندا دەتەقێنێتەوە. ناسیونالیزمی کورد، نە توانای وەڵامدانەوە بە پرسی سادەی وەکو موچەو خزمەتگوزارییەکان و ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکانی هەیەو نە دۆسیەی ستەمی نەتەوایەتی و کوردایەتی، لە دۆخی ئێستادا کریارێکی هەیە... کێشەی سەرەکی خەڵکی کوردستان لە ئێستادا بەپلەی یەکەم، نان و موچە و خزمەتگوزاری و ئازادیی و مافە فەردی و مەدەنیەکانە، نەک هیچ دۆسیەکی تر کە بۆرژوازی کورد خۆی پێوە هەڵبواسێت. لەناو ئەو دۆسیانەشدا کە خەڵکی کوردستان خوازیاریەتی، بۆرژوازی کورد لە سێ دەهەی رابردوودا سەلماندی کە ئەهلی ئەو خواستانە نییە، بۆیە بەکردەوە کەوتۆتە بەرامبەریان و لەهەلومەرجی تازەی دەستکورتکردنەوەشیان لەلایەن بەغداوە ئیتر توانایی وەڵامدانەوەی پێیان لەدەستداوە. کەواتە هەڵبژاردن و کەمپەینی هەڵبژاردنەکانی بۆ ناسیونالیزمی کورد، خۆی بۆتە کێشەیەکی سەرەکی. پارتی و یەکێتی کە توانای زامن کردنی موچەی فەرمانبەرانیان نەبێت و چاوەروانی ئەوە بن بەغدا قەرزیان بۆ چەند مانگێک پێبدات، چۆن دەتوانن بەڵێنی رەنگاو رەنگ بەخەڵکی کوردستان بدەن. ناسیونالیزمی کورد بەتایبەتی پارتی و یەکێتی و گۆران، وەکو سێ کوچکەی سەرەکی دەسەڵاتی هەرێم، لە کاتێکدا دەستیان لە ئابوری سەربەخۆ و فرۆشتنی نەوت و دەسەڵاتی رەها و پەیوەندی سەربەخۆ بە وڵاتانی ناوچەکەو دنیاوە گیرببوو، کە هێزە سەرەکی و باڵادەستەکانی عێراق، لاواز و رادەی قەڵەمرەوی دەسەڵاتیان سنوردار و دەرگیری کێشەی ناوخۆی نیوان خانەوادەی خۆیان بوون، نەیانتوانی کەمترین خزمەت و خۆشگوزەرانی و مافە زۆر سادەکانی خەڵکی کوردستان زامن بکەن. لە دۆخی ئێستادا، کە لەلایەکەوە لەژێر گوشاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و عیراق و بریارەکانی دادگای فیدرالی و لەلایەکی تریشەوە رووبەرووی نەفرەتی خەڵک و بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەرین، پرسی هەڵبژاردن مۆتەکەیەکە بە پلەی یەکەم یەخەگیری دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردە... ئەگەر ناسیونالیزمی سونەی عەرەب، بەپێی گۆرەپانی هەڵسورانی سیاسی و پشتیوانیان لەلایەن دنیای عەرەبەوە هیشتا کارتیان لەبەرامبەر بەهیرش و بریارەکانی شیعەی سیاسیەوە بەدەستەوەیە، ئەوا ناسیونالیزمی کورد نەک کارتێکی بەدەستەوە نەماوە، بەڵکو وەکو هاوکار و خۆ رادەستکردنیش مەرج لەسەریان هەیە و ناچاریشن قبوڵی بکەن... بەهەموو ئەو بەڵگەو فاکت و رەهەندە ئاشکرایەی وەڕیکەوتووە، قوربانی سەرەکی لە هەڵبژاردنەکاندا ناسیونالیزمی کوردە. تەنانەت ئەگەری ئەوە هەیە ناسیونالیزمی کورد، سەڵاحیەتی هەڵبژاردنی سەربەخۆ و پەرلەمانی خۆجێی و حکومەتیش، لەپرۆسیەکدا لەدەست بدات. بەتایبەتی ئەگەر پرسی هەمواری دەستور بچیتە بواری کردارییەوە، ئەوا ئەو پرۆسەیە خێراتر دەچێتە پێشەوە.

**کۆتایی نۆڤەمبەری ۲۰۲۳**

ساڵی حەوتەم ژمارە (157) بەرواری 1-12-2023

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خوێندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
نەجمەدین فارس، ڕێبوار حەمە شەریف، سەردار عەبدوڵا حەمە، تاریق تاهیر، هاوژین ڕەشید، توانا حەمەنوری، وریای ڕەسام، عامر سابیر، نەجم محەمەد، کاوان قادر،، ئاراس ڕەشید، عەبدوڵا مەحمود، بنار مستەفا...

لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"هۆکاری گوشارەکانی بەغدا لەسەر هەرێم و ئایندی سیاسی کوردستان"...

## دوا وتە

# ناسیونالیزمی کورد، وەك قوربانی سەرەکی هەڵبژاردنەکان!!

**عەبدوڵا مەحمود**

هێشتا دیار نییە گرفتەکانی بەردەم هەڵبژرادن دەتوانرێت وەلابنرێن و لەکاتی خۆیدا هەڵبژاردنەکان بەڕێوەبچێ یان نا، بەڵام وردە وردە خەریکە مۆتۆر و ماشێنی ڕاگەیاندن و بانگەشەی سەرانی حزب و لایەن سیاسییە بۆرژوازییەکان، دەست پێدەکات.

هەموو هەنگاو و سەردان و کۆبونەوەو لێدوانێکی حزبە سیاسیەکان و بەرپرسەکانیان، وەکو بەشێک لە کەمپەینی هەڵبژاردنەکان دەخرێتە ڕوو. تەنانەت ناکۆکی نێوان حزبەکان و ململانێکانیان بە بەرگی کەمپەینی پێش وەختەی هەڵبژاردنەکان دەچێتە پێشەوە.

هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە لە دۆخێکی تایبەتدا بەڕێوەدەچێت. دۆخێک کە هێزە باڵادەستە عێراقییەکان بەتایبەتی شیعەی سیاسی لە چوارچێوەی قوتبی کردنەوەی دەسەڵاتییدا خەریکی هەنگاونانە و بۆ ئەم مەبەستەشی کاراکردنی دەستور و پێداگری لە فیدرالیزەکردنی عێراقی کردۆتە ئامرازی ئەم قوتبی کردنەوەیە، لەو راستایەشدا چ لەبەرامبەر بە ناسیونالیزمی عەرەب و چ لەبەرامبەر بە ناسیونالیزمی کورددا، هەنگاوەکانی بە کردەوە دەستی پێکردووە. وەلانانی حەلبوسی وەکو راگرتنی ناسیونالیزمی عەرەب و سنور بۆ دیاریکردنیان، بچوککردنەوەی پێگەی دەسەڵات و بریاری سیاسی ناسیونالیزمی کورد... لە ریگای فیدرالیزم و دادگای فیدرالیەوە، دەرهاویشتەی ئەو دۆخە تازەیەن.

دیارە ئەوە پرۆسیسێکەو بەردەوام دەبێت، پرۆسیسێک، کە دەیەوێت ئاڵانکارییەکانی بەردەم بۆرژوازی عێراق لاببات و رێگرییەکانی بەردەمی بە بەرگی یاساییەوە، قوت بدات.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا هەڵبژاردنەکان، پێش وەختە هەیمەنەی هێزی باڵادەستی سیاسی بەپشتوانی ناوچەیی پێوەیە و گرفتەکانی بەردەم هەڵبژاردنەکان بەتایبەتی رەوندی بایکۆت و بەشداری نەکردنی خەڵک، وەکو گرفتیکی سەرەکی پیش وەختە ئەو هێزانە دەکاتە قوربانی، کە قوربانیانی فیدرالیزمن و پەنجە مۆری فیدرالیزمیان وەکو دەستکەوت نیشانی جەماوەرەکەیان دا. هیچ کام لەو هێزانە چ ناسیونالیزمی سونەی عەرەب و ناسیونالیزمی کورد، توانای بەرگریی و ململانێیەکی فراوانیان لەگەڵ شیعەی

بۆ لاپەڕە 13

# حکومەت بەرپرسە لەپەککختنی پرۆسەی خوێندن و نەدانی موچەی مامۆستایان وکارمەندان!

نەدانی موچەی مامۆستایان و کارمەندان وبێدەنگە لێکردن لەخواستەکانیان لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، بووەتە سەرچاوەی درێژەکێشانی بەرهەقی ناڕەزایەتی مامۆستایان وکارماندانی کوردستان.

هاوکات بایکۆتکردنی دەوامی خوێندگاو قوتابخانەکان وسازدانی خۆپێشاندانی هەفتانەیان، کێشەی موچەو دەستپێکردنەوەی دەوامی خوێندن بووەتە گرییەک لەنێوان حکومەت و مامۆستایاندا. حکومەت و وەزارەتی پەروەردە، جگەلەوەی هیچ بەرپرسیاریەتیەک نیشان نادەن لەوەڵامدانەوە بەخواستەکانی مامۆستایان و کارمەندان و سەرف نەکردنی موچەی مانگانەیان لەکاتی خۆیدا، لەهەوڵدایە ناڕەزایەتی مامۆستایان لەڕێگای ڕێگرتن و بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە، لەجۆری ئەوەی "بەغدا شایستە دارایەکانی هەرێم نانێرێت"،

سەرکوت بکات و کێشەی ڕاوەستاندنی پرۆسەی خویندن لەهەرێم بخاتە ئەستۆی مامۆستایانەوە! لەبەرامبەریشدا، مامۆستایان سورن لەسەر خواستەکانیان وبەدرێژەدان بەناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکانیان وەلامی دەسەڵاتداران ئەدەنەوە.

لەڕاستیدا، ڕاوەستاندنی پرۆسەی خوێندن لەئەستۆی حکومەت و وەزارەتی پەروەردەدایە ومافی مامۆستایان و کارمەندانی کوردستانە کەلەموچەی مانگانەی تەواوی خۆیان و لەکاتی خۆیدا، بەهەرمەندبن،

ئەوە ئەو دەسەڵاتەیە کەئیدعای حکومەت دەکات بەرپرسیارێتی لەپێدانی موچە لەئەستۆ بگرێت. بەپێچەوانەی پڕوپاگەندەی دەسەلاتدارانەوە، حکومەت دەتوانێت لەداهاتێک کەلەبەردەستیدایە موچەی مامۆستایان دابین بکا وڕێگەنەدات پڕۆسەی خوێندن پەکی بکەوێت.

ئێمە لەبڵاوکراوەی دەنگی کرێکارەوە، وێرای ئەوەی کەپشتیوانی خۆمان لەناڕەزایەتی و خوپیشاندان و خواستەکانی مامۆستایان دەردەبڕین وحکومەت بەرپرسیار دەکەین لەدواخستن و نەدانی موچەی مانگانە، هاوکات داوا لەمامۆستایانی ناڕازی دەکەین کەوەک ڕیزیکی یەکگرتوو سەربەخۆ، هەتا بەدیهێنانی داخوازیەکانیان لەمەیداندا ڕاوەستن وبەخەباتی یەکگرتوانەیان، پلانەکانی دەسەڵاتداران پوچەڵ بکەنەوە.

هاوکات داوا لەکرێکاران ودایکان و باوکانی قوتابیان دەکەین کەپشتیوانی مامۆستایان بکەن وبەشێوەی گونجاوی خۆیان فشار بۆ دەسەلاتداران بهێنن هەتا مل بەخواستەکانی مامۆستایان

بدات و ڕاوەستاندنی پڕۆسەی خوێندن بخەنە ئەستۆی حکومەت و وەزارەتی پەروەردەوە.

**بڵاوکراوەی دەنگی کرێکار**

**٢٧/١١/٢٠٢٣**

## بەرهەمی تازەی هونەرمەند وریای رەسام

